# کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە

گفتوگۆی بلاوکراوەی ئەنتەرناسیونالی هەفتانە لەگەل منصور حکمت دەربارەی ئاکامەکانی هیرشی تیرۆریستی بۆ سەر خەلکی ئەمریکا

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە ئەنجامی هیرشی تیرۆریستیو خۆکوژی بۆ سەر بالەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهان لە نیویوركو بینایەی پنتاگۆن لە واشنتۆن هەزاران کەس لە خەلکی ئەمریکا گیانیان لە دەست داوە. هەلوێستی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران لە بەرامبەر ئەم رووداوەدا چیيە؟

**منصور حکمت:** دوابەدوای رووداوەکە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەستبەجێ بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد، ئیمە ئەم هەنگاوە بە وینەی تاوانیکی گەورە لە دژی بەشەریەت، بە وینەی کۆکوژیەکی پڕاوپڕ مەحکوم دەکەین. دلمان لەگەل خەلکی لە خوین هەلکیشراوی ئەمریکادایەو پر بەدل لەم ناخۆشییەی ئەواندا بەشداری دەکەین. ریکخراوو دەولەتانی کۆنەپەرست تیرۆریزمیان کردووە بە گۆشەیەکی جیکەوتوی ژیانی هاوچەرخ. ئیمە باوەرمان وایە کە دەتوانریو دەبێ بە هیزی خەلك کۆتایی بە تیرۆریزم بهینریت، بە دەولەتیو غەیرە دەولەتییەوە. ئەوە بۆ ئیمە رۆشنە کە ئەم رووداوە، سەرەرای ئەبعادی سەرسورهێنەری تاوانیك کە راستەوخۆ رووی داوە، تازە خۆی سەرەتایەکە بۆ پەرەسەندنی پێشبرکێی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا. رۆژیکی رەشو پەردەی یەکەمی کویرەوەرییەکی زۆرترە. بانگەوازی ئیمە بۆ خەلك ئەوەیە کە بینە مەیدانو خۆیان دنیا بەدەستەوە بگرن. دەبێ دنیا لە دەستی بۆمب ریژانو جەنەرالەکان دەربهینرێ.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** ئەم هەنگاوە تیرۆریستییە لەلایەن کێوە ئەنجام دراوەو بە دوای چ ئامانجیکەوەیە؟

**منصور حکمت:** هیشتا راستی رووداوەکە ئاشکرا نەبووە. دەکرێ ئیحتمالاتی جۆراوجۆر لەئارادابێت. لە رووداوی ئۆکلاهمادا بە خیرایی دەرکەوت کە دەستەیەك لە بالی راستی توندرەوی خودی ئەمریکا هۆکاری ئەو کارەساتە بوون. بەلام ئەمجارە لە نیشانەکان وا دەرئەکەوێ کە رەوتیکی ئیسلامی لە پشتی ئەم تاوانەوە بێت. خەسلەتی خۆکوژی کردەوەکە، ئەم رووداوە ئەخاتە خانەی نەریتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە. ئەوەی کە کام ریکخراوی ئیسلامی یان کام پیکهاتە لە ریکخراوەو دەولەتان لە پشتی ئەم هیرشەوە بوون ئەمەیان نارۆشنترە. ئەبعادی کردەوەکە، بوونی چوار گروپ بە چوار فرۆکەوانی مەشقپێکراوەوە بۆ لیخورینی فرۆکەی نەفەرهەلگر کە ئامادەی خۆکوژی بوون، نیشانەی نەخشەیەکی دریژماوەی 4-5 سالەیە. ئەوەی کە سەرەداوێ لەم نەخشە گەورەو دریژ ماوەیە دزەی نەکردووەو نەگەیشتووەتە رێکخراوە جاسوسیەکانی غەرب، بەلگەی ئەوەیە کە سەرچاوە زانیاریەکانی دەولەتانی غەربی نفوزێکی ئەوتۆیان لە نێو ئەم رەوتانەدا نەبووە. کە ئەمەش دیسانەوە ئاماژە بۆ دەرەوەی ئەمریکاو ئەوروپا ئەکات. سەرباری ئەمانە ناتوانرێ بە یەقینەوە سەبارەت بە ئەنجامدەرانو هۆکارەکانی ئەم هێرشە قسە بکرێت. دەولەتی ئەمریکاو میدیاکان بەشێوەیەکی سەرەکی پەنجە بۆ گروپی بن لادن دریژ ئەکەن.

**ئەنتەرناسیۆنالی هەفتانە:** بەرپرسانی ئەمریکا قسە لە تۆلەو تەمێ کردنی تیرۆرستانو وولاتانی لایەنگری تیرۆریزم دەکەن. بن لادن تاوانبار کراوەو ئەلێن ئەگەر تالیبان ئەو تەسلیم نەکاتەوە رەنگە هێرش بکرێتە سەر ئەفغانستان. رای ئیوە لەم بارەیەوە چییە؟

منصور حکمت: بەرای من بێ شك ئەمریکاو ناتۆ دەست دەدەنە کردەوەیەکی گەورەی توندوتیژی. مەرج نییە، وەیان لەبنەرەتەوە مەبەست تەمێ کردنی ئەنجامدەرانی ئەم رووداوە نییە، کە رەنگە نیشانەی ئەمەریکا هەر رووی لەوان نەبێت، بەلکو بەمەبەستی هیزنواندن لە ئاستی جیهانیداو هەروەها بۆ لەبەرچاوگرتنی هەندێ عاملی نەفسیو مەعنەوی ناوخۆیی لە خودی ئەمریکادا. ئەمریکا لە نیوان ریگایەکی سیاسی کاریگەر بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە تیرۆریزمی دژی ئەمریکاییو ریگایەکی سەربازیی بودەلەدا، بێ شك دووەمیان هەلدەبژیرێ. چونکە تیروانینی ئەمریکا بۆ خۆیو بالادەستیی خۆی، لەسەر توانا سەربازییەکەی دامەزراوە.

لە بارەی ئەبعادی کاردانەوەکەی ئەمریکاوە هیشتا شتیکی براوە لەئارادا نییە، پیم وا نییە کە خۆشیان بۆمبو مووشەك وەشاندنی دووراودوور بۆ شارو ناوچەکانی ئەفغانستان بە هەنگاوو ریگایەکی کافی بزانن. ئەگەر تالیبان بن لادن تەسلیم بکاتەوە، رەنگە ئەبعادی کاردانەوە

سەربازی‌یەکەی ئەمریکا لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا بمینیتەوە. ئەگینا، بە پیێ قاعیدە جۆریك لە داگیرکردنی زەمینیو پیشرەوی لە ئەفغانستانو تەنانەت لە عیراقدا دەخەنە بەرنامەیانەوە. ئەمە زۆر شت دەگۆرێ، روخساری سیاسی دنیا دەگۆرێ.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە کاردانەوە بەراییەکاندا بەرامبەر بەم رووداوە، لەخودی ئەمریکادا باس لەلاوازی ئەمنیو زانیاریی کراوە. بە شیوەیەکی واقیعیش، لە خاکی ئەمریکادا هیرش کراوەتە سەر بینایەی وەزارەتی دیفاع و گرنگترین مەرکەزی مالییو خەلکیکی زۆریش بوون بە قوربانی. ئەم رووداوە چ کاریگەری‌یەك لەسەر ئەمریکا وەك زلهیزی جیهان دائەنیت، ئەمریکا بۆ پیش گرتن بەهاتنە خوارەوەی مەوقعیەتی خۆی مومکنە چ کاریك بگریتەبەر؟

**منصور حکمەت:** بەپێچەوانەوە بەرای من ئەم تیرۆریزمە بەقازانجی جیگیرکردنی روخساری ئەمریکا وەك زلهیزیك کاردەکات. زلهیزیی ئەمریکا کاریکە کە لەبەرامبەر جەمسەرە ئابوری وسیاسی و عەسکەریەکانی دیکە لە جیهانی سەرمایەداریدا پیناسە دەکریت، نەك لەبەرامبەر ئەفغانستان یان عیراق یان جیهادی ئیسلامی یان حەماس. زلهیزیی ئەمریکا بەمانای ئەوەیە کە هەرچیەکی بوویت لە جیهاندا بیکات. نەك ئەوەی کە فرۆکەخانەکانی ئیمکانی نفوزتێکردنی نەبێت، یان بیناکانی لەسووتاندن نەیات. فەزای ئەمرۆی دنیا، دوای ئەم رووداوە، رێك وەك دەورانی دوای داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە، فەزای دەربرینی وەفاداریی سەرلەنوێی هیزەکانی دیکەی غەربە بۆ ئەمریکاو تەسلیم بوون بەخواستە سیاسی وعەسکەریەکانی دەستەی حوکمرانی ئەمریکایە. ئەم تاوانە تیروریستیە وەرەقەیەکی سپی ئیمزاکراو دەداتە دەستی ئەمریکا بۆ دەخالەت کردنی عەسکەری لەهەر شوینیکی دنیاو بۆ پیداگری سەرلەنوێ لەسەر بالادەستیی جیهانیی خۆی. تا یەك رۆژ پیشتر دەولەتی ئەمریکا بە هۆی لایەنگری توند ولاسارانەی لە ئیسرائیلو دەرچونی لەژیر باری پەیماننامەی کیوتو (سەبارەت بە پاراستنی ژینگە) لەلایەن کۆکۆمەلە بالاکان و میدیاکانی ولاتانی غەربەوە لەژیر فشاردا بوو. ئەمریکا وەك ئامرازو بەهانەو پیشەکیەك کەلك لەم رووداوە وەردەگریت بۆ هیزنواندنی عەسکەریی خۆی. لە کورت ماوەدا هەموو دەولەتە غەربیەکان "بەلێ قوربان"ی بۆ دەلێنو ئامادەباش رادەوەستن. بەلام لەدرێژماوەتردا هاوکیشە ئابوری وسیاسی‌یە جێکەوتووترەکان دیسانەوە خالی هاوسەنگیی بەزیانی ئەمریکا دەگۆرن.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لەباری سیاسیەوە ئایا ئەم رووداوە مەسەلەکانی وەك ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراستو مەسەلەی فەلەستین دەخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە ؟ چۆن؟

منصور حیکمەت: لە کورت ماوەدا بیگومان هەموو شتیك دەخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە. هەردوولای کیشمەکیشەکە لە فەلەستین وئیسرائیل حەپەساوو نیگەرانن. عەرەفات بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە مایکرۆفۆنو مەحکومی دەکات، نەکا گۆشەیەکی ئەم رووداوە بەناوی ئەوەوە بنوسن. سەرانی ئیسرائیل بە توندی لەو فۆرمۆلەبەندی‌یە کە دەلی ئەم رووداوە دریژەی مەسەلەی فەلەستینو کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر توندوتیژی‌یەکانی ئیسرائیلدا، دەپەشۆکێنو شانی خۆیان لە مسئولیەت خالی دەکەن. بەلام کاریگەری ئەم رووداوە لەدێژماوەتردا بەستراوەتەوە بە کاردانەوەی سەرەتایی ئەمریکاوە لەبەرامبەر ئەم رووداوەدا. ئەگەر هێزنواندنێکی خویناوی دژی ریکخراوە ئیسلامیەکان روویدات، ئەو کات لە کۆتایی ئەم بینەوبەرەیەدا، هەروەك لەکۆتایی هیرش بۆ سەر عیراقدا بینیمان، سوورێکی دیبلۆماسیی بۆ ئاشتی هەردوولا لە دلی ئەم هاوسەنگی‌یە عەسکەریە تازەیەدا دەست پیدەکات. بەلام مەسەلەی فەلەستینو جیگاوریگای ئیسرائیلو عەرەبەکان ریشەیەکی قوولتری لەواقیعیەتە محەللی‌یەکاندا هەیە. ئاشتی لە فەلەستین بەبێ وەرچەرخانی هەردوو کۆمەلگا لە ئیسرائیل وفەلەستین بەرەو چەپ لە تواناداا نی‌یە. سکولاریزم و عەدالەتخوازی لەهەردوو بەری کیشەکەدا دەبیت بەسەر قەوم پەرستی ومەزهەبدا سەرکەوی تا ئاشتی مومکن بیت. مەسەلەی فەلەستین ریگاچارەی عەسکەری نی‌یە. تۆقاندن لە بەینی نابات. سەرئەنجام لەئاکامدا تا روانگەی هەردوو کۆمەلگا بەرامبەر بەیەكو ریزبەستنی سیاسیی نیوان چەپو راست لەدەرونی هەردوو لادا ئالوگۆر نەکات ، مەسەلەکە لە جیگای خۆی ئەمینیتەوە.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە راگەیاندنی تا ئیستای میدیای غەربدا، ئەم هیرشە تیرۆریستانەیە بەبەرامبەرکێ لەگەل دیموکراسی پیناسە دەکەنو هەندێ لە "وولاتانی ئیسلامی" بە جۆریك خراونەتە ناو ئەم بەرامبەرکێ‌یەوە. ئایا ئەمە ئەشێ ببیتە هۆی گەشەی راسیزم لە غەربدا؟

**منصور حكمت:** لەدەزگاكانی راگەیاندنی غەربدا لێرەو لەوێ ئاماژە بۆ تیزەكانی "شەری شارستانیەكان" ی هانتیگون بەدی ئەكرێت. ئەوەی كە ئەمە كیشمەكیشیكی "شارستانی"یە، هیرشیكە بۆ سەر"شیوە ژیانی" غەربی، بۆ سەر دیموكراسی و... هتد،لیرەولەوێ دەبیسترێ. بەلاّم حەرەكەتی رەوتی ئەصلی كۆمەلگاو تەنانەت خودی قسەكەرانی دەولەتی ئەمریكا بەلگەی ئەوەن كە قسەی ئەم تێروانینە نایگرێت. من نیگەرانی گەشەی راسیزم نیم لەئەنجامی ئەم رووداوەدا. راسیستەكان بیگومان ماوەیەك چالاكتر دەبن و خەلكی هان دەدەن، بەلاّم كۆمەلگای غەربی رەتیان دەكاتەوە. بەپیچەوانەوە بە بروای من خەلكی ئەمریكا تا ئەوەندەی بكریت لەدوورەوە لێی تێبگەیت، میهرەبانییو ئینسانیەتێكی جێگەی ستایشیان لەبەرامبەر ئەم كارەساتە راچلەكینەرەدا نیشان داوە. بەبڕوای من خەلكی ئەمریكا تەنانەت كاردانەوەیەكی عەسكەریی لەدەولەتی ئەمریكا لەدژی خەلكی رۆژهەلاّتی ناوەراست بە سادەیی قبول ناكەن كە تەڕو وشك پێكەوە بسووتێنێ. ئەم رووداوە لەوە گەورەترە كە بكریت بە بەكلیشە باوەكانو پروپاگەندە برۆیتە سۆراغیەوە. سەرئەنجام بەبروای من كۆمەلگای غەربی مامەلّەیەكی ئالۆزترو تیگەیشتووانەتر لەگەلّ ئەم رووداوەدا دەكات. تەكنولوژی پەیوەندی گرتنی ئەمرۆ گێلكردنی خەلكیو دەرخوارددانی دەمارگیری دژوارتر كردووە. هەر ئەو تەلەفزیونەی كە كارەساتی نیویورك دەخاتە بەرچاوی جیهان، وێران بونی كابولیش نیشان دەدات. كەسیك كە بۆ كارەساتی نیویورك فرمیسكی هەلّڕشتبیت، ناتوانێ بەئاسانی بۆ دوبارەبونەوەی لەكابولدا هەلهەلە لێبدات.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە راگەیاندنی حزبدا پەنجە بۆ ئەوە راكیشراوە كە كارەساتی نیویورك حەلقەیەكە لە توند بوونەوەی پێشبڕكێیەكی تیرۆریستی، مسابەقەیەك كە زۆربەی دەولەتانی دنیا لەلایەكو لەلایەكی دیكەوە بزووتنەوە كۆنەپەرستەكان بە تایبەت ئیسلامیی‌یەكان تیایدا بەشدار دەبن. چۆن دەكریت بەر بەم پێشبڕكێیە بگیرێو بەرای ئیوە حزبی كۆمۆنیستی كریكاری دەبێ لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا چ دەوریك بگیرێ؟

**منصور حكمت:** كۆتایی هینان بە تیرۆریزم كاری ئیمەیە. كاری ئیمەمانانێك كە لە پیناو یەكسانی مافو حورمەتی ئیسنانەكانو جێخستنی بەهای ئەوان تێدەكۆشین. تیرۆریزمی دەولەتیی دەبێ بە روخاندنی دەولەتانی تیرۆریست كۆتایی پێ بهینرێ. تیرۆریزمی غەیرە دەولەتیی دەبێ لە ریگای كۆتایی هینان بەو كوێرەوەریو هەلاّواردنو چەوسانەوەو سەركوتانەوە لە بەین ببرێ كە ئینسانەكان بەرەو بێ بێئومێدی پال پیوە دەنێنو دەیانكەنە قوربانیی رەوتو ریكخراوە كۆنەپەرستە دژی بەشەریەكان. لەرێگای پەردەهەلّمالّین لەرووی دینو نەتەوە پەرستیو نەژاد پەرستیو هەر ئایدۆلۆژیایەكی بودەلّە كە رێز بۆ ئینسان دانانیت. وەلامی ئیمە خەباتە بۆ دامەزراندنی ئەو كۆمەلگا كراوەو ئازادو یەكسانانەی كە لەویدا ئادەمیزادو گیانو حورمەتو ئاسایشی نرخی هەبیت. حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریو حیزبە هاوشیوەكانمان، لە بەرامبەر هەردوو لای ئەم پێشبڕكێ تیرۆریستیی‌یەدا رادەوەستن. هەم لەبەرامبەر دەولەتانی كۆنەپەرستو هەم بزوتنەوەو حیزبە كۆنەپەرستەكان. بەلام لە ئیستادا ئەوە ئەوانن كە روخساری جیهان دیاری دەكەن. ئیمەو ئەحزابی وەكو ئیمە، دەبێ بەشەریەتی ئینساندۆستو ئازادیخواز لە دژی گشت ئەم هەلومەرجە بهینینە مەیدان. تا كاتیك كە ئەمە نەكرابێت، ئەم نەهامەتیی‌یە دریژەی دەبیت.

**بۆ یەكەمجار لە ئەنتەرناسیونالی هەفتانە (انترناسیونال هفتگی)ی ژمارە 71ی رۆژی 14 ی ئەیلولی 2001 بلاّوكرایەوە**

# دنیا دوای 11ی سپتامبەر

## بەشی یەكەم: جەنگی تیرۆریستەكان

**مەنسوری حیكمەت**

## دوو جەمسەری کۆنەپەرستانە

تاوانی تیرۆریستیی سامناکی 11ی سپتامبەری 2001 لەدژی بەشەرییەتو کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی بێدیفاع لە ئەمریکا، جیهانی خستۆتە بەر دەروازەی یەکێك لە تاریکترینو خوێناویترین سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخ. ئەوەی کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ناوی لێ ناوە جەنگی جیهانی لەدژی تیرۆریزم، لەراستیدا چوونی جیهانە بۆ ناو قۆناغێکی تازەو، وێرانسازی لە جەنگی جیهانیی تیرۆریستەکاندا.

لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە دژی بەشەرییەدا دوو ئۆردووی سەرەکی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی راوەستاون کە مۆری خوێناویی خۆیان داوە لە ژیانی دوو نەوە لە خەڵکی جیهانی ئێمە. لە جەمسەرێکیاندا، مەزنترین ماشێنی تیرۆریزمی دەوڵەتییو تۆقاندنو باجخۆریی نێونەتەوەیی راوەستاوە. کە پێکهاتووە لە دەستەی فەرمانڕەواو دەوڵەتی ئەمریکا، واتە تەنها هێزێك کە چەکی ئەتۆمی لەدژی ئینسان بەکارهێناوەو سەدان هەزار ئینسانی بێئاگاو بێگوناهی هیرۆشیماو ناکازاکی لەماوەی چەند چرکەیەکدا کردووەتە خۆڵەمێش، ملیۆنەها ئینسانی لە ڤیێتنام کوشتووەو خاکەکەیانی بە بۆمبارانی کیمیایی بۆ ساڵەها سووتاندووەو لەکەڵکی خستووە. ناتۆو ئیئتلافەکانی دەوڵەتانی غەربی کە لە عێراقەوە تا یوگوسلافیاماڵو مەدرەسەو نەخۆشخانەی خەڵکیان بەسەریاندا روخاندووەو نانو دەرمانی ملیۆنەها منالیان بەبارمتە گرتووە. بۆرژوازیو دەوڵەتی ئیسرائیل، کە داگیر دەکات، دەست بەسەرا دەگرێت، کوشتار دەکات، مەحروم دەکات. ئەمانە ئۆردوگای ئاوارەکان دەدەنە بەر بۆمبو رۆکێتو ئەو منالە دەسالانانەی کە خۆیان لەباوەشی باوکیاندا پەناداوە یان لەریزی مەدرەسە راوەستاون، دەدەنە بەر گوللە. لە هیرۆشیماو ڤیێتنامەوە تا گرانەداو عێراق، لە مەیدانەکانی تیربارانی ئەندۆنیزیاو شیلیەوە تا کوشتارگاکانی فەلەستین، کارنامەو مەلەفی ئەم جەمسەرە جیهانیەی تیرۆریزمی دەوڵەتیو ملهوڕیی ئەمپریالیستی، بەشێوەیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر بە بەرچاوی خەڵکی جیهانەوەیە.

لە جەمسەری بەرامبەردا، تیرۆریزمی ئیسلامیو بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەو چەپەڵی ئیسلامی سیاسی راوەستاوە. ئەمانە کە زەمانێك خۆیان دەست سازو پەروەردەی دەستی ئەمریکاو غەرب بوون لە جەنگی سارددا و ئامڕازی رێکخستنی کۆنەپەرستیی محەللی بوون لەدژی چەپ لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا بوونەتە جەمسەرێکی چالاکی تیرۆریزمی نێونەتەوەییو یەکێك لە رەقیبەکانی جەنگی دەسەڵاتی بۆرژوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. مێژووی دژی ئینسانیی ئیسلامی سیاسی، لە ئێرانو ئەفغانستانو پاکستانەوە تا جەزائیرو فەلەستین لیستێکی دووردرێژە لە کۆکوژیو تاوانی دڵتەزێن. لە کوشتارە دەوڵەتیو نیمچە دەوڵەتییەکانی ئێرانو ئەفغانستانەوە تا تاوانکاریی رۆژانەی گروپەکانی تیرۆری ئیسلامی لە ئیسرائیلو جەزائیرو نێوجەرگەی ئەوروپاو ئەمریکا، لە سەرکوتی خوێناویی نەیارانی فیکرییو سیاسییەوە تا زاڵکردنی یاسا کۆنەپەرستو دژی بەشەرییەکانی ئیسلام بەسەر خەڵکیداو بەتایبەت بەسەر ژناندا، لەسەربڕینو دەستبڕینە شەرعییەکانەوە تا بۆمب نانەوەو قەتلوعامەکانی نێو پاسو کافتیریاو شوێنی دیسکۆکان، ئەمانە سەرەقەڵەمی کارنامەی ئەم کۆنەپەرستانەیە.

ئێستا بڕیارە ئەم کێشمەکێشە سەدان هەزارو بگرە ملیۆنەها ئینسانی دیکە، سبەینێ لە ئەفغانستانو دوو سبەی لە هەر گۆشەیەکی دیکەی جیهان، بکاتە قوربانی. دەبێ لەبەرامبەر ئەمەدا رابووەستین.

### پڕوپاگەندەی جەنگی:

شانبەشانی ئەم ریزبەستنە سەربازییە، ئیمە ریزبەستنی ئایدۆلۆژییو ئیعلامیی ئەم دوو ئۆردوگایە دەبینین. درزتێکردنو روخاندنی ئەم دیوارە ئیعلامییەو، دەرکێشانی حەقیقەت لەپشتی شەپۆلێکی مەزن لە ریاکاریو درۆ کە جیهان لووش دەدات، مەرجی یەکەمی رێکخستنی ریزێکی سەربەخۆیە لە بەشەرییەتی ئازادیخواز لەبەرامبەر جەنگی جیهانیی تیرۆریستەکاندا. ئاڵای توندڕەوان لە هەردوو ئۆردوگادا لەدوورەوە ئاشکرایەو دەبینرێت. دنیای ئاڵۆزی ئەمڕۆ ئیتر پێشوازییەکی ئەوتۆ لەم بیروبۆچوونە کرچوکاڵانە ناکات. ئالای چەرخانیو جینگۆئیسمی ئەمریکاییو غەربی، راسیزم، زۆربڵێیی "شەڕی شارستانیەتەکان"و شتی لەم بابەتە تەنها دەتوانێ لە گۆشەوکەنارێکی کۆمەڵگای غەربیدا نفوز پەیدا بکات. سەرانی ئەمریکاو دەوڵەتەکانو میدیای غەربی خۆیان دەزانن کە ئەم بیروبۆچوونو هەڵوێستە کرچو کاڵانە ناتوانێت چوارچێوەی ئایدۆلۆژیو ئیعلامی کێشمەکێشێك پێکبهێنن کە چوونەتە ناویەوە. لە جەمسەری بەرامبەریشدا بیرۆکەی جیهادی ئیسلامی، خوێنڕشتنی بێجیاوازی چ لەڕێگای "خودا"و ئاییندا، چ بۆ "ئازادی قودس"و رزگار کردنی خاکی ئیسلام لە چنگاڵی زایۆنیزمو ئەمپریالیزمی خوێنخۆری جیهانیی، بەشێوەیەکی گشتی تەنها لەنێو ریزەکانی خودی توندڕەوەکانو هەڵسووڕاوانی ئیسلامی سیاسیدا برەوی هەیەو جەماوەری خەڵك لە کۆمەڵگای هاوچەرخ لە پانایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناهێنێتە پشتی خۆی. ئەو مشتومرە ئیعلامیو نەبەردە ئایدۆلۆژییانەی کە بڕیارە ئەم کێشمەکێشە عەسکەرییە خوێناوییە پاساو بکات کە بەڕێوەیە، ناتوانێ لەسەر ئەم لێکدانەوە سافوسادە توندڕەو، سکتاریستیو ساویلکانانەیە بینا بکرێت.

ئەوەی کە سەرەنجام دەتوانێ جەماوەری فراوانی خەڵك لە غەربو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکێشێتە کامی ئەم جەنگەوەو لە پاڵ هەردوو لایەنی ئەم بەرامبەرکێ کۆنەپەرستانەیەدا رایان بگرێت، ئەم بیروبۆچوونە کرچوکاڵانە نییە، بەڵکو لێکدانەوەو پاساوی لەمانە ئێسك سووکترە کە تاکو ئێرەش شاهیدی پەرەسەندنی خێرایان بووین.

لە فۆرمۆڵەی غەربیەکاندا، بەجیا لە ئاماژە چەقۆکێشانەکانی بوش، "بەشەرییەتی شارستانی" لەبەرامبەر بەڵای تیرۆریزمدایە. ئەمریکا وەکو رابەری ئەم بەرەی شارستانیەتە نیشان دەدرێت. ئامانج پووچەڵکردنەوەی تیرۆریزمو سپاردنی تیرۆریستانە بە دادو عەدالەت. مەسەلەکە بەڕواڵەت لە هێرش بۆ سەر عێراقو بۆمبارانی بەلگراد سروشتیترە. چ کەسێك ئەتوانی لەسەر سیاسەتە عەسکەرییەکەی گلەیی لە "ئەمریکا" بکات لەکاتێکدا کە 6000 کەس لە "خەڵکەکەیان" بەو شێوە دڕندانەیە کوشت؟ چ شتێك لە کاردانەوەی عەسکەریی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ لێدان لەم تیرۆریزمەو پاراستنی "هاووڵاتیانی"و، بگرە خەڵکی جیهان، لە تاوانەکانی ئایندە کە ڕەنگە بەڕیوە بێت بەڵگەنەویستترە؟ بۆ ئامادەبوون لە یانەی "بەشەرییەتی شارستانی"دا هیچ مەرجێکی نەتەوەییو نەژادیو دینیان دانەناوە. داواکاران هەر ڕەنگو شێوەو دینو رابردوویەکیان هەبێت، کافیە فۆرمی پشتیوانی لە ئەمریکا پڕبکەنەوە. پڕوپاگەندەی جەنگیی ئەم جارە بڕیار نییە نەژادی، نەتەوەیی، دینیو تەنانەت سیاسیش بێت. مەسەلە پاراستنی هەناردنی نەوت، دیفاع لە دیموکراسیو گێڕانەوەی کوێت بۆ شێخەکانی نییە. ئەگەر سوپای ئەمریکا جارێکی دیکە بۆ دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە پێش ئەمە چەندین جار ئەنجامیداوە خۆی ئامادە دەکات، وانیشان دەدات کە بۆ دیفاع کردنە لەمافی ژیان، دیفاعە لەمافی سەفەر، لەمافی نەتەقینەوەی ئینسانەکان لەگۆشەی ماڵو شەقامەکانیان. تاوانی 11ی سپتامبەر، بەهێزترین چوارچێوەی ئایدۆلۆژیو ئیعلامیی تاکو ئێستای فەراهەم کردووە بۆ دەخالەتگەریی عەسکەریی ئەمریکاو ناتۆ لە گۆشەو کەنارە دووردەستەکانی جیهان. لەم ساتەدا جیاکردنەوەی جەماوەری فراوانی خەڵك لە غەربدا لەسیاسەتی عەسکەریی دەستەی حوکمڕانی ئەم وڵاتانە پێویستیی بە کارێکی هەرقلیی هۆشیارکردنەوە هەیە. ئەم هاوسەنگیە فیکرییە رەنگە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی تازەدا بەخێرایی بگۆڕێت، بەڵام لەم ساتەدا تێزی "مشتومڕی شارستانێتی لەگەڵ تیرۆریزمدا"، کۆنترۆڵی بیروڕای گشتیی لە غەربدا داوەتە دەستی سیاسەتمەدارانو میدیای غەربی.

لە جەمسەری بەرامبەریشدا چوارچێوەیەکی ئاڵۆزو تاڕادەیەك کاریگەر بۆ بەرگری لە ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامی خەریکە شکڵ ئەگرێت. کەم کەس جورئەتی ئەوەی هەیە کە دیفاع لە شەلاڵی خوێن کردنی هەزاران کەس لەم تاوانە ئاشکرایەدا بکات. تەنانەت جانەوەرانی دەسەڵاتدار لەئێرانو ئەفغانستانیش ناچارن قسەکانیان چاك بکەن. دیفاعی ئاشکرا لە ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامی ئاڵای ئەم جەمسەرە نابێت. لایەنی ئیسلامی لە جەنگی تیرۆریستەکاندا پشت بە لێکدانەوەو پاساوێکی کارا، بەڵام کۆن، بۆ تیرۆریزم دەبەستێت کە کۆڵەکەیەکی "دژی- ئەمپریالیزم"ی وردە بۆرژوایی جیهانی سێیەمو بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئێمە 7 ساڵ پێش ئێستا لەئاکامی شەپۆلێك لە ئینسان کوژیی ئیسلامیی لە ئیسرائیلو میسرو جەزائیر، لە ستوونی یەکەمی (ئەنتەرناسیۆنال)دا راشکاوانە پەردەمان لەڕووی ئەم دیفاعە کۆنەپەرستانەیە لە تیرۆریزم هەڵماڵیو مەحکوممان کرد. بێسوود نییە ئەگەر ئەو نووسینە کورتە لێرەدا بهێنینەوە:

"شەپۆلێك لە ئینسان کوژیی ئیسلامی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقای گرتۆتەوە، قوربانیانی ئەم شەپۆلە، سادەترین خەڵکانی سادەن. لە میسرو جەزائیر خەڵکی بیانی، بە کرێکارو گەشتیارو بازنشستەوە دەدەنە بەر گوللەو سەریان دەبڕن، ریزی منالانی خوێندنگای سەرەتایی بە بۆمب کوشتار دەکەن، ئەو کچە لاوانەی کە مل بە زەواجی زۆرەملێ نادەن شەلاڵی خوێن دەکەن. لە گردی ئایو رێبوارانی بێئاگا بە منالو پیرو لاوەوە لە شەقامو پاسەکاندا دەکوژن. وە قارەمانانە، لە ئیسرائیلەوە تا جەزائیر، بەشەرییەتی سەرسام دڵنیا دەکەنەوە کە ئەم "خەباتی چەکدارانە"یە درێژەی دەبێت.

سەردەمانێك چەپی تەقلیدیو "دژی ئەمپریالیست" زەبروزەنگی کوێرانەو هەوسارپچڕیوی رەوتە جیهان سێیەمیو دژی غەربیەکانیان ئەگەر بەستایشەوە سەیرنەکردایە لانی کەم چاوپۆشیان لێئەکرد. ستەمێك کە لە میللەتانی مەحرومو گەلانی ستەمدیدە دەکرا بە قەولی ئەمان ئەم تیرۆریزمەی وەکو کاردانەوەیەکی بەرحەق پاساو دەکرد. تیرۆریزمی گروپە فەلەستینیەکان، رەوتە موسڵمانەکان وەیان سوپای رزگاریخوازی ئیرلەندا، کە قوربانیەکانیان رۆژلەڕۆژ زیاتر خەڵکی بێدیفاعو بێئاگای مەدەنی دەگرتەوە، نموونە بەرجەستەکانی ئەم تیرۆریزمە "بەرحەقە" بوون لە سەردەمەکانی پێشوودا. تیرۆریزمێك کە بەڕواڵەت وەڵامی ستەمەکانی رابردووو ئێستای ئەدایەوە، تیرۆریزمێك کە بەڕواڵەت لە کاردانەوە بە زەبروزەنگو سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی دەوڵەتو دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان سەری هەڵدابوو. سەیر لەوەدایە کە دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەدرێژایی چەندین ساڵ رێك هەر بەم پاساوە، واتە بە پشتبەستن بە کۆکوژیە لەوەسف نەهاتووەکانی فاشیزمی هیتلەریو رەوتە دژی

یەهودییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا لەدژی خەڵکی یەهود، سەرکوتی زەبروزەنگاویی خەڵکی مەحرومی فەلەستینو کوشتاری هەموو رۆژەی لاوانی فەلەستینی پاساو کردووە.
ئەم جۆرە پاساوەو، تیرۆریزمێکی کوێرانە کە بە پشتبەستن بەم پاساوانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چ لەلایەن رێکخراوە عەرەبو فەلەستینییەکانو چ لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەڕێوە چووە، هەمیشە لەلایەن کۆمۆنیزمو چینی کرێکارەوە ریسواو مەحکوم بووەو مەحکومە. بچووکترین پەیوەندی واقعیو مەشروع نەبووەو نییە لەنێوان ئەو میحنەتە سامناکانەی کە لەسەدەی ئەخیردا بەسەر خەڵکی یەهوددا هاتووە لەگەڵ سەرکوتگەریو تاوانەکانی دەوڵەتی راستو توندڕەوی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین. بچووکترین پەیوەندی واقعیو مەشروع نەبووەو نییە لەنێوان ئەو دەردو کوێرەوەرییانەی کە خەڵکی فەلەستین چەشتوویانە لەگەڵ تیرۆریزمی ئەو رێکخراوانەی کە دراونەتە پاڵ ئەم خەڵکە، چ ئیسلامیو چ غەیرە ئیسلامی. ئەمە بەدکەڵك وەرگرتنو سەرمایەگوزاری کردنی رەوتو باڵەکانی بۆرژواییە، بە دەوڵەتیو نا دەوڵەتییەوە، لە کوێرەوەرییەکانی خەڵکی مەحروم. مەحکومکردنو لەمەیدان وەدەرنانی ئەم تیرۆریزمە لەلایەن چینی کرێکارەوە، بەتایبەتی لەوڵاتانی ناوچەکەدا، مەرجێکی بنەڕەتیی بەدەستهێنانی جڵەوی خەباتی کۆمەڵایەتییە لەلایەن کرێکارەوە بۆ کۆتایی هێنان بەم کوێرەوەرییانە.
شەپۆلی تازەی ئینسان کوژیی ئیسلامی، بەتایبەت لە باکوری ئەفریقیا، وادیارە ئیتر تەنانەت پێویستی بەم جۆرە پاساوە سیاسییەش نییە. عەمامەیەكو تفەنگێك، گشت ئەو شتەیە کە بۆ دەستپێکردنی ئەم جیهادە چەپەڵە لەدژی ئینسانییەت پێویستە. ئەمە گانگستەریزمی ئیسلامییەو چاوگەکەی رژێمی دەسەڵاتداری ئێرانە. چارەنووسی ئەم رەوتەش هەر لەئێران یەکلایی دەبێتەوە." (م. حیکمەت، ئەنتەرناسیۆنال-ی 16، نۆڤەمبەری 1994)

بە پەرەسەندنی ئەم کێشمەکێشەو بەتایبەت بە هێرشی پێشبینیکراوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئەفغانستان، "دیفاعی دژی ئەمپریالیستی" لە رەوتی ئیسلامیو تەنانەت پاساوکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانیان بە بەهانەی تاوانکاریو سەرکوتگەرییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە دەتوانێ جارێکی دیکە جێگای خۆی لەناو خەڵكو حیزبە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو هەروەها چەند بەشێك لە چەپی رادیکاڵی تەقلیدیو روشنفکریی کۆمەڵگاکانی غەربدا بکاتەوە. پەناگای عەقیدەیی سەرەکی گانگستەریزمو کۆنەپەرستیی ئیسلامی لەم شەڕی دەسەڵاتەدا، شیعارە بۆگەنو بەئاشکرا دژی بەشەرییە دینیو ئیسلامییەکان نابێت، بەڵکو ئەم بەناو "دژی ئەمپریالیزم"ە میللی-دینیو وردە بۆرژواییە دەبێت.
هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا ناتوانێ بەبێ پەردەلەڕوو هەڵماڵینو تێکشکاندنی ئەم چوارچێوە عەقیدەییانەو پڕوپاگەندە جەنگییە ریاکارانەیە لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

### کێشمەکێشەکە لەسەر چییە

ئەمە لە هەردوو لاوە شەڕی دەسەڵاتە. تیرۆریزم واقعییەتێکی ئەم کێشمەکێشەیە، بەڵام ئەم مشتومڕە، وە جەنگێك کە خەریکە ئاگر بسێنێت، لەسەر تیرۆریزم نییە. هەموان دەزانن کە چوونەژوورەوەی ئەمریکا بۆناو ئەفغانستانو تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادن بەقەد سەرەدەرزییەك لەو کەمپینە تیرۆریستییەی کە لەلایەن رەوتی ئیسلامییەوە هەڕەشە لە غەرب ئەکات کەم ناکاتەوەو هێمنیو ئاسوودەییەکی زیاتر بۆ دانیشتووانی ئەوروپاو ئەمریکا دابین ناکات. بەپێچەوانەوە، تەنانەت مەترسییەکە زۆرتر دەکات. مەسەلەی فەلەستین ئەو قەڵەمڕەوەیە کە تیایدا ئەمریکاو بزووتنەوەی ئیسلامی راستەوخۆ لەگەڵ یەك ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەڵام ئەم کێشمەکێشە بەمانای تایبەتی وشەکە لەسەر یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی فەلەستینیش نییە. سیاسەتی راگەیەنراوی ئەمریکا، واتە شەڕێکی عەسکەریی "فراوان، دێژخایەنو هەمەلایەنە" بە ئاشکرا هەردوو مەسەلەکە، واتە مەسەلەی فەلەستینو مەسەلەی تیرۆریزمی ئیسلامی، خەستتر دەکاتەوە. نەتەنها ئەمە، بەڵکو شەڕی ناوخۆیی پێشبینیکراو لەپاکستان بە کۆمەڵێك ئاکامی زۆر وێرانکەرەوە لەناوچەکەو لەئاستی جیهانیدا، وە ئەزمەی قووڵی حکومەتیی لە وڵاتانی بەرواڵەت سەقامگیری ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەشێ لە ئەنجامە بەراییەکانی ئەم سیاسەتە عەسکەرییە بێت. خۆیان ئەمە بەباشی دەزانن. بەڵام بۆ ئەمریکا، مەسەلەی سەرەکی لەم نێوەدا جێخستنو پەرەپێدانی هەژموونیو دەسەڵاتی سیاسیو سەربازیی خۆیەتی بەسەر جیهاندا وەکو تاکە زلهێز. چارەسەری مەسەلەی فەلەستین یان خەبات لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی ئامانجی ئەم سیاسەتە نییە. پتەوکردنو پەرەپێدانی جێۆشوێنی جیهانیی ئەمریکا، لە جەرگەی ئەو گوشارو هەروەها ئەو دەرفەتانەی کە تاوانی 11ی سپتامبەر هێناویەتییە ئاراوە، ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتەیە.

بۆ ئیسلامییەکانیش ئەمە شەرێکە لەسەر دەسەڵات. نە دەردو کوێرەوەرییەکانی خەڵکی فەلەستینو نە زوڵمو ستەمی مێژوویی غەرب لە شەرق، سەرچاوەی ئەم تیرۆریزمە نییە. رەوتی ئیسلامی لەپێناوی مانەوەو پاراستنی جێوشوێنی ڕوو لە نشێوی خۆیو سەرەنجام بۆ پەرەپێدانی جێوشوێنی خۆی لە بونیادی دەسەڵاتی بۆرژوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەکۆشێت. تیرۆریزمو دوژمنایەتی کوێرانە لەگەڵ هەر شتێکدا کە بۆنی غەربو غەربگەرایی لێوەبێت، سەرمایەی سیاسی ئەوانە لە کۆمەڵگاو لەنێو ئەو جەماوەرەدا کە بەحەق ئەمریکاو ئیسرائیل بە فاکتەری سەرەکی بێمافیو مەحرومییەتەکانی خۆیان دادەنێن. ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێکهاتنی وڵاتی فەلەستین، سووك کردنی باری دەردو کوێرەوەرییە نەتەوەییو میللییەکانو هەڵپێچانی جیاکارییەك کە بەسەر خەڵکی فەلەستیندا سەپێنراوە، زەنگی مەرگی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لێدەدات. تیرۆریزم ئامرازی سەرەکی رەوتی ئیسلامییە بۆ قوولتّرکردنەوەی قەڵشتە میللیو نەتەوەییو دینییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو، بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەم کێشمەکێشە وەکو سەرمایەی سیاسیو سەرچاوەی هێزگرتنی خۆی. ئیسلامیستەکان، سەرباری ئەو گوشارە عەسکەرییەی کە لەلایەن ئەمریکاوە دەخرێتە سەریان، پێشوازی لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەکەن.

بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆ لەبەرامبەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بێوێنەو مەرگبارەی جەمسەرە عەسکەریو تیروریستییە نێونەتەوەییەکان، دەبێ راستییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لەپشتی ئیعلامی جەنگییو پاساوەکانی ئۆردوگا دژەبەیەکەکان دەربکێشرێنە دەرەوەو ببرێنە نێو خەڵك. ئەم رووداوەو سیاسەتێك کە ئەمریکا گرتوویەتییەبەر، کۆمەڵێك ئاکامی جیهانییو ناوچەیی گرنگی هەیە. روخساری سیاسیو فیکریی جیهان دەستخۆشی گۆڕانکارییەکی قووڵ دەکات. سیاسەت لە ئێراندا بە تونـدی کاریگەری لەم گۆڕانکارییانە وەردەگرێت. پێویستە بچینە سەر وێستگا سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییانەو سەرخەتەکانی سیاسەتێکی مەبدەئیی کۆمۆنیستی.

**لەژمارە 72ی 21ی سپتامبەری 2001ی (انترناسیونال هفتگی)، بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران وەرگێراوەو سەعید ئەحمەد کردوویەتی بەکوردی.**

## بەشی دووەم:
## "جیهانی شارستانی" لەکوێدایە

### بەربەرییەت حەتمی نییە

جەنگی تیرۆریستەکان دەتوانێ سەرەتای یەکێك لە خوێناویترین سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخ بێت. هەرئێستاش ملیۆنەها ئینسان هەناسە سوار بووە. بەڵام ئەم ئاسۆیە حەتمی نییە. گۆڕەپانەکە تەنها بە دوو لایەنی کێشمەکێشەکە بەرتەسك نابێتەوە. هێزێکی سێیەم، دێوێکی نووستوو، لە ئارادایە کە دەتوانێ ئەوزاعەکە بگۆڕێت. ئەگەر ئەم دێوە لەخەو هەستێت، ئەم سەردەمە دەتوانێ سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکی ئیجابیو وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بێت لە جیهاندا کە مرۆڤایەتی لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لێی بێئومێد ببوو. بوشو بلەرو خامەنائی، ئەمریکاو ناتۆو ئیسلامی سیاسی، ئەوە نازانن کە بەڕاستی بەشەرییەتێکی شارستانی، جیهانێکی شارستانی، وجودی هەیە کە رەنگە لەم نێوەدا لەخەو راپەڕێتو لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا بەرگری لەخۆی بکات. سەرباری ئەم هەموو تاریکییەو مەترسییەك کە لەبەرامبەر ئێمەی خەڵکدا دایان ناوە، سەدەی بیستو یەکەم دەتوانێ سەدەی بەربەرییەتی کاپیتالیستی نەبێت. ئەم رۆژانە، رۆژانێکی چارەنووسسازن.

میدیاکان روخساری ئایدۆلۆژیو مەعنەوی راستەقینەی جیهان نیشان نادەن. بۆچوونی خۆیان دەڵێن، بۆچوونی زاڵ، بۆچوونی چینی دەسەڵاتدار. بۆچوونێك کە بە کەڵکیان دێت. میلیتاریزم، تیرۆریزم، راسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینیو سودپەرستی، لەڕیزی پێشەوەی هەواڵەکاندان، بەڵام ئەمانە لە قوڵایی زەینی زۆربەی خەڵکی سەردەمی ئێمەدا جێگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنێکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات کە جەماوەری فراوانی خەڵکی جیهان لە دەوڵەتو میدیاکان چەپترن، ئینساندۆستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەڵکی لە هەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بۆرژوازی بەسەر خۆیاندا سوار بکەن. دەستەی فەرمانڕەوای ملهوڕی ئەمریکا دەستبەجێ بۆی دەرئەکەوێ کە سەرباری یەکێك لە مەزنترین تاوانە تیرۆریستییەکان، سەرباری نمایشی زیندووو

لەحزەبەلەحزەی لەلێدان کەوتنی دڵی هەزاران ئینسان، سەرباری ماتەمیو رقوبێزارییەك کە هەرکەسێك کە ویژدانی بە بەرژەوەندییەك نەفرۆشتبێ دادەگرێت، هێشتاش هەر ئەم کۆمەڵگای غەربە، هەر ئەم خەڵکەی کە هەموو رۆژێك مێشکی شۆردراوە، هەر ئەوانەی کە لەبەیانییەوە تا ئێوارە بە راسیزمو دژایەتیکردنی بێگانە "دەرس" دەدرێن، خوازیاری خۆبواردن، ئینساف، عەدالەتو کاردانەوەی ئەقڵانی دەبن. خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە چ لەدنیای چەپەڵی نێو کەللەسەری خامەنائییەکانو خاتەمییەکانو مەلا محەمەد عومەرەکانو شێخە وردو درشتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیداو، چ لە ستۆدیۆ دیلۆکسەکانی سی ئێن ئێنو بی بی سیدا ئوممەتی موتەعەسبی موسڵمانو ئەندامانی "شارستانیەتی ئیسلامی" وێنا دەکرێن، شانبەشانی خەڵکی ئەمریکا ماتەمبار دەبنو ناڕەزایەتی دەردەبڕن. دەرك کردنی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیسلامی سیاسی بێزارن، دەرك کردنی ئەوەی کە بەشێکی زۆر فراوانی خەڵکی ئەوروپای غەربیو ئەمریکا لەدەستی ملهوڕییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەتەنگ هاتوونو خۆیان لەپاڵ خەڵکی مەحرومی فەلەستیندا دەبیننەوە، دەرك کردنی ئەوەی کە زۆربەی ئەم خەڵکە خوازیاری لابردنی گەمارۆی ئابووری سەر عێراقنو دەتوانن خۆیان بخەنە جێگای دایكو باوكە جەرگ سوتاوەکانی عێراق کە بێدەرمانیی مناڵەکانیان بۆ باوەشی مەرگ دەبات، دەرك کردنی ئەوەی کە ئەم جەماوەرە فراوانەی خەڵکی بەشەرەفو بەویژدانی جیهان لەم شەڕی بۆشو بن لادنەدا، ئەم دوو دۆستە قەدیمیو دوژمنەی ئەمڕۆ، لەگەڵ هیچیاندا نین، هۆشێکی زۆری ناوێت. ئەم بەشەرییەتە شارستانیە لەژێر کەلاوەی پڕوپاگەندەو مێشك داشۆرینو تۆقاندندا لە غەربو شەرق بێدەنگ کراون، بەڵام دەکرێ بەڕۆشنی ئەوە ببینرێت کە ئەم تەڵەکەبازییانەی قبووڵ نەکردووە. ئەمە هێزێکی مەزنە. دەتوانێ بێتە مەیدان. لەپێناوی ئایندەی بەشەرییەتدا دەبێ بێتە مەیدان.

هەموو دژوارییی کارەکە لێرەدایە. هێنانە مەیدانی ئەم هێزە مەزنە. لە جەنگی تیرۆریستەکاندا جەبهەکانی شەڕەکە دیاری کراوە، ریزەکان لێك جیاکراوەتەوە، سەرچاوەو هێزەکان ئامادەکراون، ئەمە ڕوبەڕوبوونەوەیەکی عەسکەریو سیاسیو دبلۆماسیی فراوانە، سەرباری هەموو ناڕۆشنییەکان، بەڵام چوارچێوەی فیکریو سیاسی ئەم جەنگە بۆ سەرانی هەردوو ئۆردوگاکە رۆشنە. بەڵام لە جەبهەی ئێمەدا، لە جەبهەی ئەو بەشەرییەتەدا کە دەبێ لەبەرامبەر ئەم سیناریۆ سامناکەدا بوەستێتەوە، هەموو شتێك ناڕۆشنە.

گومان لەوەدا نییە کە ریزی مقاوەمەت لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا هەر لەئێستاوە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پێکهاتووەو کەوتۆتە هەڵسووڕان. بەڵام هەر بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامیستەکانو ئەمریکا پێویستیان بە تیۆریو ستراتیجێکی رۆشن، بە لێکدانەوەیەکی هاوبەشو کارا هەیە، ئەم بزووتنەوە خەڵکییەش پێویستی بە ئاڵایەکی فیکریو سیاسیو کۆمەڵە مەبادئێکی ستراتیجیی کارا هەیە. بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان، بەتایبەت لەنێو باڵی چەپدا، لە ئایندەدا هەوڵ دەدەن کە ئەم مقاوەمەتە ئاراستە بکەنو رابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن. پرسیارەکە لێرەدایە کە چ خەتێك بەسەر خودی ئەم "چەپ"ەدا زاڵە.

لە بەشی پێشوودا وتمان کە لەپاڵ داڵەکانی هەردوو جەمسەردا، واتە میلیتاریستەکانی ئەمریکاو فاشیستەکانی ئیسلام، دوو لێکدانەوەی ئاڵۆزترو پوختەترو "موحتەرەمانەتر"یش بۆ دیفاع لە هەردوولای ئەم کێشمەکێشە لەئارادایە. لە هاوشانی میلیتاریزمی ئەمریکادا کەسانێك هەن کە فۆرمۆڵەی جەنگی شارستانێتی لەدژی تیرۆریزم جاڕ ئەدەن. لە هاوشانی ئینسانکوژەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا، کەسانێك هەن کە تیرۆریزمی ئیسلامی بە "دژی-ئیمپریالیزم"ی میللی- دینییو جیهان سێیەمیی باوی دەیەی حەفتادا پاساو دەکەن. هیچ یەکێك لەم لێکدانەوانە لەبزووتنەوەی مقاوەمەتی خەڵکیدا نفوزێکی جدی نابێت. حیزبو گروپەکانی راستی سەنتەر لە غەربو پاشماوەی چەپی تەقلیدیی خوێندکاریی-رۆشنفکریی دەیەکانی پێشوو لە غەربو شەرقدا دەبنە مشتەری سەرەکی ئەم فۆرمۆڵە ژیرانەترەی ئیعلامی جەنگیی هەردوو لایەن. ئەوەی کە لەئاستی تیۆریو سیاسیدا دەتوانێ بزووتنەوەی ئایندەی خەڵکی پێشرەوی جیهان بەلاڕێدا بەرێت، بەڕای من هەڵوێستی پاسفیستیو هەوڵی عەبەسی لیبراڵییە بۆ پاراستنی ئەم وەزعەی کە هەیە (تەنها بەرگرتن بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان) وەیان گێڕانەوەی هەلومەرجەکە بۆ دۆخی پێشوو (پێش 11ی سپتامبەر).

روداوی 11ی سپتامبەر کردەوەیەکی شێتانەی بێپێشنەی کەسانێکی دابڕاو لە دەروونی کۆمەڵگا نەبوو. هەرچۆن کردەوەی عەسکەریی ئەمریکاش کە بەم زووانە ڕوو ئەدات وا نەبوو. جیهان بەرلە 11ی سپتامبەر لە هاوسەنگیدا نەبوو، بەڵکو لە رەوتێکی گۆڕانکاریی پاشەوپاشگەڕانەوەدا بوو. کۆمەڵێك گرفتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی گرنگ لەپشتی ئەم ئەم ڕووداوانەوە هەیە. ئەم گرفتانەن کە جیهانیان بەم ئاراستەیەدا بردووە. ئەم گرفتانە دەبێ وەڵام وەربگرنەوە. 11ی سپتامبەر گۆشەیەکە لەوەڵامی ئیسلامی سیاسی بەم هەلومەرجە. هەرچۆن هێنانە سەرکاری تالیبان، وێرانکردنی بەغداد، برسیکردنی خەڵکی عێراق، تاساندنی خەڵکی فەلەستین، بۆمبارانی بەلگرادو ئێستایش "جەنگی درێژخایەن لەدژی تیرۆریزم" گۆشەیەکە لە وەڵامی سەرانی سەرمایە لە ئەمریکاو ئەوروپا بەم کێشمەکێشانە. بزووتنەوەی حەڵکیی لەبەرامبەر

هەلومەرجێکی وەهادا ناتوانێ بزووتنەوەیەکی بانگەشەکەر بۆ ئارامیو "هێرش بۆسەر ئەفغانستان قەدەغەیە" بێت. ئارامیو پاریزگاری کردن لە دۆخی ئێستا نەتەنها عەمەلی نییە، نەتەنها خەیاڵپلاوییە، بەڵکو نە عادیلانەیە، نەئازادیخوازانەو نە کارا. بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەڵکیی لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا تەنها دەتوانێ لەدەوری وەڵامە ئیسباتیی‌یەکان بە گرفتە سیاسیو ئابوورییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئێمەو لەدەوری هەڵوێستێکی چوستوچالاك نەك بۆ پاریزگاریکردن لە دۆخی ئێستا، بەڵکو بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا، رێکبخرێت. ئێمە سەبارەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە بەم رووداوانە بەرجەستەبوونەوە، مەسەلەی باکورو باشوور، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی عێراق، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی ئەفغانستانو ئێران، مەسەلەی میلیتاریزمو زلهێزیی ئەمریکاو ناتۆ لە سیستمی نوێی جیهاندا، مەسەلەی راسیزم، مەسەلەی قەلای ئەوروپاو ...تاد بەرنامەکاری سەربەخۆو وەڵامی سەربەخۆی خۆمان بووە. هەر ئەمە دەبێ ببێتە بەرنامەکارو وەڵامی بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەڵکیی لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا. ئەمە جیاوازی ئێمەیە لەگەڵ ئارامیخوازیی تالێبانو ئەو پاسیفیستانەی کە کەلێنو کێشمەکێشو نائارامیی‌یەکانی دنیای پێش 11ی سپتامبەر نابینن، یان بەلایانەوە گرنگ نییە. ئەگەر ئێمە بەرلە هەموو ئەم رووداوانە بەرنامەیەکمان بۆ گۆڕینی جیهان بووە، بناغەی هەڵوێستگیرییەکی مەبدەئی لە هەلومەرجی ئێستاشدا دەبێ بردنەپێشەوە هەمان بەرنامەکار بێت لەم هەلومەرجە تازەیەدا. ئێمە بەنیازنین کە ئەفغانستان لەژێر دەستی باندی ئینسانکوژی تالێباندا بهێڵینەوە، ئێمە بەنیاز نین لەسایەی دەسەڵاتی ئەمریکای دەست بە مووشەکدا بژین، ئێمە بەنیاز نین ئیسلامی سیاسیو حکومەتە ئیسلامیی‌یەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەحەمول بکەین، ئێمە بەنیاز نین بە بێوڵاتیی خەڵکی فەلەستینو سەرکوتی هەموو رۆژەیان رازی ببین. ئێمە تیرۆریزمان نەئەویست، چ ئیسلامیو ئینتحاری و چ لەلایەن سوپاو کەتافیەپۆشەوە بێت، ئێمە ئەم هەژارییە لە نیوەی جیهاندا قبوولْ ناکەین، ئێمە سەربازگەی چواردەورەی ئەروپامان ناوێت، ئێمە مل بە راسیزمو قەومپەرستی نادەین. نە تاوانکاریی 11ی سپتامبەرو نە ئەو جیهادەی ناتۆ کە بەم زووانە لە هیندوکش رووئەدات، نابێ لە بزووتنەوەیەکی چوستوچالاك بۆ گۆڕینی جیهان، ریزێکی خێرخوازو ئارامیخوازی بێرەخنەو بێئەرك دروست بكات.

بزووتنەوەی "ئینساندۆستانە"و ئاشتیخوازانە وەڵامی هەلومەرجی ئەمڕۆ ناداتەوە. بەڵام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنێو خەڵکی سادەی کۆمەڵگای غەربیدا، بەهۆی دژی زەبروزەنگییو ئینساندۆستیو هەروەها محافەزەکاریی خۆبەخۆی خەڵکەوە، زۆر فراوانە. هەڵوێستێکی بەم جۆرە دەخالەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان مەحکوم دەکات، بەڵام لەبەرامبەر حوکمڕانیی تالێباندا خۆی بە بەرپرس نازانێت. خەڵك هاندان لەدژی موسڵمانەکانو راسیزم مەحکوم دەکات، بەڵام هۆیەك نابینێ بۆ گوشاردانان لەسەر ئیسرائیلو ئەمریکا بەقازانجی خەڵکی فەلەستین. ئەم هەڵوێستە هیوای سەرکەوتن بۆ جاك ئەسترا ئەخوازێ لە سەفەرەکەیدا (بۆ ئێران-وەرگێر) بۆئەوەی بەڵکو ئەم کارە جەمسەری تیرۆریزمی ئیسلامی ئارامو جلەو بکات، جا با ئەمە حوکمڕانی ئەم گورگانە بەسەر خەڵکی ئێرانەوە سەقامگیر بکات، ئەم هەڵوێستە بەرگری لە مافە مەدەنیی‌یەکانی خەڵکی موسڵمانی وڵاتانی غەربی دەکات، بەڵام لەپێناوی نەهێشتنی بارگرژیدا، رەخنەگرتن لە حیجابی ئیسلامیو بێمافیی‌یەکانی ژنان لە وڵاتە ئیسلامیی‌یەکانو ژینگە ئیسلامیی‌یەکان رەت دەکاتەوەو بەری پێدەگرێت. ئەم هەڵوێستە هەمووان بۆ مەیدان چۆڵکردنو وازلێهێنانی هەلومەرجەکە هەربەوشێوەیەی کەپێشتر هەبوو، بانگەواز دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەسەر زەینو کردەوەی خەڵکی ناڕازیدا زاڵ ببێت بەشەرییەتی شارستانی مەیدان بۆ تیرۆریستە غەربیو شەرقییەکان چۆڵ دەکات. ئەگەر بمانەوێ ئایندەیەك هەبێت، ئەوا بەندە بە پەیدابوونی بەرنامەکارێکی چالاك، ئازادیخوازانەو پێشڕەوەوە لەریزی پێشەوەی خەڵکیدا. ئەمە کاری کۆمۆنیستەکانی مارکسە. ئەمە کاری ئێمەیە.

لە بەشی داهاتوودا دەچمە سەر سەرختە گشتیی‌یەکانی بەرنامەکارێکی چالاك لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا. بەڵام پێویستە بەکورتی ئاماژەیەك بۆ فەوریترین مەسەلەیەك بکەم کە ئەم رۆژانە لەئارادایە، واتە هێرشی ئەم زووانەی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان. 99 لەسەدی خەڵکی جیهان ئەوە دەزانن‌و دەتوانن بەرۆشنی ئەوە روونبکەنەوە کە بۆچی هێرشی عەسکەریی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستانو تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادنیش، کە ئامانجی راگەیەنراوی ئەم کردەوە سەربازیانەیەو لەڕووی عەمەلییەوە زۆر ناموحتەمەل دێتە بەرچاو، نەتەنها مەترسییەکانی تیرۆریزم لەدژی ئەمریکاو ئینگلتەرا کەم ناکاتەوە، بەڵکو موجازەفەی کردەوە تیرۆریستیی‌یەکانی ئایندە زۆر زیاتر ئەکات. زۆر ئاشکرایە کە خودی دەوڵەتانی ئەمریکاو ئەنگلتەرا ئەم مەسەلەیە دەزانن. لێکدانەوەی رەسمیی غەرب بۆ مەسەلەکە لەچوارچێوەی ئەو لێکدانەوە هۆلیۆدیو جیمزباندییانەدایە کە وادیارە ئەوان پێیان وایە دەرخواددانی ئەم جۆرە لێکدانەوانە بە خەڵکی سادەترو خێراترە. ملیۆنێر یان گانگستەرێکی شێت لە گۆشەیەکی دوورە دەستی جیهاندا دەیەوێ شارستانێتی نابوود بکات، سەدام، میلۆسۆڤیچ، بن لادن، وە قارەمانانی ئەمریکایی بۆ نەجاتی مرۆڤایەتی دەکەونە خۆ. بەڵام لێکدانەوەکانی خۆیان نیشانی دەدات کە ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامی یەك بارەگایەکی مەرکەزیو یەك فەرماندەیی هاوبەشو یەك رێکخراوێکی هەرەمیی نییە، بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە کە لە کۆمەڵێك شانەو رێکخراوو تۆڕو ناوەندی دەوڵەتیی

پێکهاتووە کە بە کۆمەڵێك پەیوەندیی رەسمییو نارەسمیی، وەکو بزووتنەوەیەکی نیهێنی، بـە کۆمـەڵێك داهێنـانی فراوانـەوە لـە ئاسـتی مەحەلل‌یـدا، پێکەوە بەستراون. بۆ غەرب، چوونە ناو ئەفغانستانەوە سەرەتای هەڵمەتێکی عەسکەرییو سیاسی فراوانترە. دەستگیری یان کوشتنی بن لادن ئـەو ئەنجامەی دەبێت کە لە ئاستی نـاوخۆی ئـەمریکادا لـە فەوریـیـەتی هـەنگاوە عەسـکەرییەکانی دواتـر کـەم بکاتـەوەو ببێتـە مـسداقییەتێك بـۆ "تۆڵەسەندنەوەی ئەمریکا"، کە ئەمەش دەتوانێ فەزای نێوخۆی ئەمریکا تا پەلاماری تیرۆریستیی ئایندەی ئیسلامییەکان، وە تـەنها تـا ئـەو کاتە، ئارام بکاتەوە. بەڵام ئەمـە هـەنگاوێکی بـچووکە لـە پرۆسـەیەکی سیاسـیو عەسـکەریی فـراوانتر لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا کـە مـەودای کۆتاییەکەی تاکو ئێستا رانەگەیەنراوە. لە دوالێکدانەوەدا ئەمە هێزنیشاندانێکە بـە ئیـسلامی سیاسـی. واتـە بزووتنەوەیـەکی کۆنەپەرسـتانە کـە غـەرب خـۆی لـە پـەراوێزی کۆمـەڵگاکانی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا هێنایـە ئـاراوەو، بەمەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ چـەپ لـە سیـستمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم وڵاتانەدا وە هەروەها وەکو گوشارێك بۆ سەر بلۆکی شەرق ئەوانی هێنایە سەرشـانۆ. ئـەم هێزنیـشاندانە دەکرێ بە بەرتەسکیی ببێنێتەوە، بەڵام بەتایبەت بەهۆی خەسڵەتی ناموتەمەرکزییو توندڕەوێتی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیـسلامییەوە، بـە ئیحتمالێکی زۆر بەرەو یەکلاییکردنەوەیەکی بنـەڕەتیتر بـەکێش دەکرێـت. ئیـسلامی سیاسـی بـەبێ پـشتیوانیی غـەرب ناتوانـێ لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستدا ببێنێتەوە. هەر بەمەندەی ئێستا، پەرەسەندنی نەبەردی عیلمانیەکانو ئیسلامیەکان لە پاکستانو کەوتنـە حـاڵی پەیکـەری نیوەگیـانی خاتەمییەکان لە ئێرانو پەرەسەندنەوەی دووبارەی کێشمەکێشی نێـوان باڵـەکان، بەڵگـەی ئـەوەن کـە نەبـەردی غـەب لەگـەڵ ئیـسلامی سیاسـیدا دەتوانێ ببێتە هەوێنی گۆڕانکارییەکی جدی لە هێزهاوسەنگی نێوان فراکسیۆنەکانی بۆرژوایی لەم وڵاتانەدا بەزیانی ئیسلامییەکان.

لەبەرامبەر خودی هێرشی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانـستان دەکـرێ چـی بڵـێین. ئایـا "دەسـت لـە ئەفغانـستان هـەڵگرن!" هەڵوێـستێکی مەبـدەئیو پێشڕەوە؟ خەڵکی ئەفغانستانو ئۆپۆزسیۆنەکەی شتێکی دیکەی جگە لەمەتان پێـدەڵێن. ئاسـۆی هەرەسـی تاڵیبـان، واتـە بانـدێکی ئینـسانکوژو دەڵاڵێکی گەورەی ماددە بیهۆشکەرەکان، هێزە سیاسییەکانی ئەفغانستانی خستۆتە جۆشوخرۆشـێکی گەشـبینانەوە. خواسـتی روخانـدنی تاڵیبـان خواسـتێکی ئینـسانیو پێـشڕەوە. نابـێ رێگابـدرێت دژایـەتی بەرحـەقو مەبـدەئیی لەگـەڵ میلیتـاریزمی ئـەمریکادا بـە وێڵکردنـی ئەفغانـستان لەژێردەستی تالیباندا راڤەبکرێت. ئەمە یەکێکە لە نموونە زیندووەکانی ناکافی بوونو نادروستبوونی ئـارامیخوازیو دیفـاع لـە هەلومـەرجێك کـە لەئارادایە. خەڵکی ئەفغانستان تەمەنێکە چـاوەڕێی رۆژی هەرەسـی تاڵیبـانن. راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە ئـەمریکا بـۆ رزگـارکردنی ئەفغانـستان پێنانێتە ئەم وڵاتەوە. خۆیان تاڵیبانیان هێنایە سەرکار. ئەمجارە رەنگە لاوازی بکەن، بەڵام وەکـو ئـەمری واقـع بـوونی قبـووڵ بکـەن. قـەولیان بـە موشەرەف داوە کە حکومەتی ئایندەی ئەفغانستان دیسانەوە جێگەی رەزامەنـدیی پاکـستان بێـت. قـەرارە کۆمـەڵێك جانـەوەر لابـەرنو هـەر لـەو قوماشە کەسانێکی دیکە لەجێگایان دابنێن. هەڵوێستی مەبدەئی بەشداریکردنە لـە هاوشـانی ئۆپۆزسـیۆنی پێـشڕەوی ئەفغانـستان بـۆ روخانـدنی تاڵیبان لەجەرگەی هەلومەرجی ئێستاداو بەرقەرارکردنی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵکـە لـەم وڵاتـەدا. دەبـێ ئەمـە بەسـەر غـەربو ئـەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپێنرێت. هەرجۆرە هێرشێکی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆسەر خەڵکی مەدەنی ئەفغانستانو روخاندنی شـارو لادێو ژێرخانو ئامرازە ماددییەکانی ژیانیان دەبێ مەحکوم بکرێت. هەرجۆرە بەندوبەستێك لەنێوان ئەمریکاو پاکستانو ئێرانو باقی دەوڵەتانـدا بۆ سەپاندنی داروەدستەیەکی تر بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا مەحکومە. بەڵام روخانـدنی تاڵیبـان لەلایـەن سـوپا دەرەکییەکانـەوە خـۆی لەخۆیـدا مـەحکوم نییە. تاڵیبان دەوڵەتێکی مەشروع نییە لە ئەفغانستاندا. دەبێ بڕوخێنرێت. مەسەلەکە لەسەر ئەو دەوڵەتەیە کە لەجێگای دادەمـەزرێت، هەروەها زامنکردنی ئازادیو ئیمکانی عەمەلیی دەخالەتی خەڵکی ئەفغانستانە لە دیاریکردنی نیزامی سیاسی ئایندەی ئەم وڵاتەدا.

## بەشی سێیەم: ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

لەدەرەوەی هەردوو جەمـسەری بەرامبـەرکێی کۆنەپەرسـتانەی ئـەمڕۆدا، واتـە میلیتـاریزمی ئـەمریکاو دەوڵـەتە غەربییـەکان لەلایـەکو بـەرەی ئیسلامی سیاسی لەلایەکی تر، فەزای زاڵ بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئینسانۆستو ئاشـتیخوازی جیهانـدا فـەزای هەراسـانیو نیگەرانییـە. فـەزای بێئومێدییە. هەمووان نیگەرانی ئاڵۆزبوونی وەزعەکەن: واتە پەرەسەندنی پێشبڕکێی کـاری شـیتانەو تـیرۆر. ئـاوارەییو مـەرگی سـەدان هـەزار خەڵکی بێگوناهی ئەفغانـستان، پـەلاماری کیمـاییو میکرۆبیـی لەغەربـدا، تەقینـەوەی سیاسـی لەپاکـستان، کەوتنەدەسـتی بۆمبـە ئەتۆمییـە "گیرفانی"و "لاپ تۆپ"ەکان بەدەستی ئاوانتۆریستە سیاسیو موتەعەسبە دینییەکانو تاوانکارانی نێونەتـەوەیی. "جـەنگی تـازەی ئـەمریکا"و قۆناغێکی تازە لە خوێنڕشتنێکی جیهـانیی لەئاسـتێکدا کـە تـەنها ئـەمریکا توانـای ئەمـەی بـووەو هەیـە. شـیعارو نارەزایەتییـەکانی خـەڵکی

شەرافتمەندی جیهان بەشێوەیەکی گشتی ڕووی لە پاراستنی وەزعی مەوجودو گێڕانەوەیە بۆ خاڵی هاوسەنگیی پێشوو. ئەمە بەشەرییەتێکە کە ئومێدێکی بە ئایندەیەکی باشتر نییە. لەباشترین حاڵەتدا داوای ئارامیی دەکات. لەدەستی بۆمبو جەنگو توندوتیژی هەڵدێت. بەشەرییەتێك کە سەرباری ڕواڵەتی بیرسادەییو کەم هۆشیاریو ملکەچی ڕۆژانەی، توانا دژی ئینسانیێەکانی ئەو دڕندانەی کە پێیان ناوەتە مەیدان، واتە ئیسلامی سیاسیو میلیتاریزمی ئەمریکا، دەناسێو دەیانەوێت بەهەر قیمەتێك بێت بەر بە کارەساتەکانی دواتر بگرن. لەنێو تەیفی فراوانی ئەو هێزانەی کە بۆ دژایەتی کردنی ئەم کێشمەکێشە هاتوونەتە مەیدان، پاشماوەی گروپە چەپە حاشیەییەکانی ئەورووپاشی لەگەڵدا بێت کە تا 10ی سپتامبەر بە شتێکی کەمتر لە "شۆڕشی جیهانی" ڕازی نەئەبوون، ئێستا ئارامیی خوازیی، کۆشش بۆ بەرگرتن بە ڕەوتێك کەبەرێ کەوتووە، کۆشش بۆ پاراستنی وەزعی مەوجودو گەرانەوە بۆ هاوسەنگیێەك کە بەرلە 11ی سپتامبەر لەئاراد بوو، بووەتە سیاسەتی زاڵ. پاسفیزم مەیلی زاڵە بەسەر بزووتنەوەی مقاوەمەتدا. وە ئەمەش سیاسەتێکی لەڕادەبەدەر زیانبارە کە نەتەنها بەر بە کوێرەوەریو کارەساتەکانی ئایندە ناگرێت، بەڵکو تەنانەت ڕوودانیان زامن دەکات.

سیاسەتی پاسفیستی، وە شەوارە بوون بە لایەنی عەسکەرییو چەکدارانەی ئەم بەرامبەرکێیەو زەبروزەنگێکی فیزیکی کە ئەشێ بەسەر جیهاندا بێت، ڕێك ئەو زیانەی هەیە کە خەڵکی دوچاری ئیفلیجیی سیاسی دەکات. بەرگرتن بەم پێشبڕکێ تیرۆریستیێەو ئەم شەپۆلە لە تەقاندنەوەو خاپوورکردنو کوشتاری بەکۆمەڵ کە بۆیان ئامادەکردووین لەگرەوی دەخالەتی جەماوەری فراوانی خەڵکدایە، هەم لە ئەورووپاو ئەمریکاو هەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانی ناوبراو بە جیهانی سێیەم لەو پرۆسە سیاسیێانەدا کە ئەم ڕووداوانەیان لێ ئەکەوێتەوە. دەخالەتێك لەسەر بناغەی بەرنامەکارێکی چالاكو ئیسباتی. لەم حاڵەتەدا، ئاسۆی ئایندە مەرج نییە تاریك بێت.

پێویستە ئەم پرۆسانەو واقعییەتە سیاسیێەکان لەژێر خاكوخۆڵی ئیعلامی جەنگیدا بدۆزینەوە.

**لەودیوی ئیعلامیی ڕەسمیێەوە: تیرۆریزمو ئیسلامی سیاسی**

گومان ناکەم هیچ کەسێك، تەنانەت لە خودی سوپای ئەمریکاشدا، ئەم راڤەکردنە قبوڵ بکات کە تاوانی 11ی سپتامبەر کاری گروپێکی فەناتیك بوو کە کەسێك بەناوی ئوسامە بن لادن لە ئەفغانستان ڕێوشوێنیان بۆ دیاری ئەکات کە دوژمنایەتیێەکی شەخسییو کوێرانەی لەگەڵ ئەمریکاو "شێوەی ژیانی" ئەمریکاییو "دیموکراسی"دا هەیە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی غەرب لەسەر ئەوە سوورن کە ئەم کردەوەیە "کاری موسوڵمانەکان" نەبوو، کە لە "ڕێوشوێنەکانی قورئان"ەوە سەرچاوەی نەگرتبوو. جۆرنالیستە بەتەجروبەکان هەوڵ ئەدەن کە بەپێ ئیمکان ناوی مەسەلەی فەلەستینو ئیسرائیل نەیەتە ئاراوە. دەڵێن هەرجۆرە بەستنەوەیەکی مەسەلەی فەلەستین بەم هێرشە تیرۆریستیێەوە بەمانای داننانە بەوەی کە ئەم کردەوەیە لەڕاکێشانی سەرنجی غەرب بۆ سەر وەزعی فەلەستینیێەکان کاریگەر بووە. لە ئەنجامدا لەجیاتی ئیسلامی سیاسیو ئیسرائیل، ئیمە حەواڵەی بن لادنو ئەفغانستان دەکەن. جەنگی ئەمریکا لەگەڵ تالیبان لە ئەفغانستان روداوێکی زۆر گرنگە بە کۆمەڵێك ئاکامی درێژخایانەوە لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا. ئەم جەنگە بێگومان کاریگەری لەسەر چارەنووسی ئیسلامی سیاسیو تەنانەت مەسەلەی فەلەستینیش دادەنێت. بەڵام پەیوەندیێەکی بە دۆزینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی کردەوەکەی 11ی سپتامبەرەوە نییەو تەنانەت ئەگەری کردەوەی تیرۆریستی لەدژی غەرب زۆر زیاد دەکات. (دواتر دێمەوە سەر ئەمە)

تیرۆریزمی ئیسلامی واقعییەتێکی سەردەمی ئێمەیە. ئەم تیرۆریزمە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ستراتیجی ئیسلامی سیاسیێە. ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ناوچەکەو ئێستاش لەئاستی جیهانیدایە کە لەسەر ستەمی مێژوویی ئیسرائیلو غەرب لە خەڵکی عەرەب زمانو بەشێوەیەکی تایبەتی لەخەڵکی فەلەستین، ئەلەوەڕێت. بێوڵاتیی خەڵکی فەلەستینو ستەمی دەوڵەتی ئیسرائیلو هاوپەیمانە غەربیێەکانی لە فەلەستینیێەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی بێزارییە لە غەربو ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەمەش گرنگتر، بوونی مەسەلەی فەلەستینو پشتیوانیی هەمیشەیی ئەمریکاو غەرب لە ئیسرائیل لەبەرامبەر عەرەبدا چ لە سەردەمی جەنگی ساردو چ دوای ئەو، قەڵشتێکی گەورەی ئابووری، کەلتووریو نەفسیی لەنێوان غەربو خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستکردووە. بەڵام ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەك دەرفەتی ئەوە پەیدا دەکات کە ئەم ناڕەزایەتیو قەڵشتە بکاتە سەرمایەی دەستیو لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێبنێتە نێوجەرگەی مشتومڕ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، ئیتر ئەمەیان ڕاستەوخۆ بەرهەمی خودی ئەمریکاو غەربە. ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی تاوانکارانە بەم مەودا فراوانەی دەسەڵاتەوە، دروستکراوی دەستی ئەمریکاو غەربە. ئەم دێوەزمەیە خودی خۆیان دروستیان کردو بەریاندایە گیانی خەڵکی ناوچەکەو ئەمڕۆش خەڵکی سەراسەری جیهان. ئیسلامی سیاسی ئامڕازی دەستی غەرب بوو لە جەنگی

ساردداا لەدژی سۆڤێتو ئامرازی تێکشکاندنی بزووتنەوەو شۆڕشە چەپو کرێکارییەکان بوو لە هەموو ولاّتانی ناوچەکەدا. ئەمە ئامرازێك بوو کە دوای بنبەستی حکومەتە ناسیۆنالیستییەکان لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا بۆ بەرگرتن بە هێزگرتنی چەپ هێنایانە مەیدان. مەسەلەی فەلەستینو بوونی حکومەتە ئیسلامییەکان لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا، کۆلّەکەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی پێك ئەهێنن. وە هەر سیاسەتێکی چالاكو پێشڕەوی خەلّکی بۆ بەرامبەرکێ لەگەلّ تیرۆریزمی ئیسلامیدا دەبێ لێرەوە دەست پێبکات:

1-چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین. دەبێ ئەم گرفتە مێژووییە چارەسەر بکرێت. خەلّکی فەلەستین پێویستە ولاّتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت. دەبێ ئەمریکاو دەولّەتانی غەربی ناچار بکرێن کە دەست لە پشتیوانی یەکلایەنەی خۆیان لە ئیسرائیل هەلّبگرن. دەبێ ئیسرائیل ناچار بکەن ئاشتیو سەربەخۆیی فەلەستین قبوولّ بکات. چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین گرنگترین کۆلّەکەی روبەڕوبوونەوە لەگەلّ ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامیو بەشێکی سەرەکی بەرنامەکارێکی پێشڕەوو چالاك پێك دەهێنێت لەبەرامبەر هەلومەرجی ئێستادا.

2- غەرب دەبێ دەست لە پشتیوانیی کۆنەپەرستانەی لە دەولّەتە ئیسلامیو کۆنەپەرستەکانو حیزبەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا هەلّگرێت. بەبێ پشتیوانیی غەرب رژێمی ئیسلامیی ئێران نەدەهاتە سەرکارو لەسەر کار نەدەمایەوە. بەبێ پشتیوانیی غەرب نیزامە کۆیلەداریو شێخە موتەفەڕیقەکانی سعودیەو میرنشینە وردو درشتەکان لەسەرکار نەدەمانەوە. بەبێ پشتیوانیی غەرب نەتەنها تالّیبان، بەلّکو دەستەوتاقمەکانی پێشووی موجاهیدینی موسلّمانیش نەیاندەتوانی ئەفغانستان بکەن بە شانۆی تراژیدیایەکی ئینسانیی گەورە. هەر ئەمڕۆش بە بڕینی ئەم پشتیوانییە سیاسیو عەسکەریو دبلۆماسییەی غەرب لە بزووتنەوەی ئیسلامی، خەلّکی ناوچەکە بەخێرایی ئەم حکومەتانە دەکێشنە خوارەوە. خواستی روخاندنی حکومەتە ئیسلامییەکانو بەرگرتن بە بەندوبەستی ئەمریکاو دەولّەتە غەربییەکان لەگەلّ ئەم حکومەتانەدا دەبێ بەشێکی گرنگی دیکەی پلاتفۆرمی دژی تیرۆریستی هەر بزووتنەوەیەکی پێشڕەوی خەلّکیی بێت.

3-گەمارۆی ئابووریی عێراق دەبێ کۆتایی پێبێت. کوێرەوەرییەکانی خەلّکی عێراق لە زەینی خەلّکی ناوچەکەدا بووەتە مەسەلەی فەلەستینێکی دووەم. بووەتە بەلّگەیەکی زیندووی تیرۆریزمی ئەمریکاییو غەربیی لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا. سەرباری ئەمە ئەم گەمارۆی ئابوورییە تەمەنی حکومەتی کۆنەپەرستی عێراقی درێژکردووەو خەلّکی مەحرومی عێراقی لە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە بۆ جەنگێکی هەموو رۆژە لەپیناوی مانەوەی فیزیکیدا پاشەکشە پێکردووە. خەبات لەپێناوی لابردنی گەمارۆی ئابووری سەر عێراق کۆلّەکەیەکی دیکەی پلاتفۆرمێکی پێشڕەوە لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی.

4-دەبێ چالاکانە بۆ بەرگری لە عیلمانیەت لە ولاتانی موسلّمان نشینو ژینگە کۆمەلاّیەتییە ئیسلامییەکانو گیرۆدە بەئیسلامەکان لە خودی ولاّتانی غەربیدا بێینە مەیدان. بۆچوونی دواکەوتووانەی (هەرکۆمەلّگایەك کەلتووری خۆی)و درێغی کردن لە بەرگریکردن لەمافە مەدەنیو ئینسانییەکانی خەلّكو بەتایبەت ژنان لەم ولاّتو ژینگانەدا، دەستی ئیسلامی سیاسی بۆ تۆقاندنی خەلّکیو بزواندنی لاوان ئاوەلاّکردووە. دەبێ جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤو مافە مەدەنییەکانی ئینسانەکان بە ئەسلّ وەربگیرێتو هەرجۆرە سازانێك لەگەلّ دینو حوکمڕانیی کۆنەپەرستانەی دین لەسەر حیسابی مافەکانی مرۆڤ مەحکوم بکرێت. تیرۆریزمی ئیسلامیی واقعییەتێکە. تیرۆریزم کاری موسلّمانەکان نییە، بەلاّم سیاسەتێکی رەسمیی بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە. ئەمە بزووتنەوەیەکی بێناوەڕۆكو دروستکراوی دەستی غەربە لە جەرگەی جەنگی ساردو لە ململانێی ئەنتی کۆمۆنیستی لەگەلّ کرێکارانو ئازادیخوازانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا. ئەم بزووتنەوەیە سستو لاوازە. نفوزێکی سیاسیو مەعنەوی ئەوتۆی لەولاّتە گەورەکانی ناوچەکەدا نییە. لە واقعیاتە کۆمەلاّیەتییەکانی ناوچەکە لەدواترە. بەبێ پشتیوانی غەرب، ئیسلامی سیاسی بەدەستی سۆسیالیزمو عیلمانیەت لەناوچەکەدا شکست دەخوات. لە ئێران، کە وەکو فەلەستین، یەکێك لە گرنگترین مەیدانەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئیسلامی سیاسییە، ئاوابوونو روخاندنی ئیسلامی سیاسی هەرئێستا دەستی پێکردووە.

**لەبەشی داهاتوودا:**

*جەنگی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە ئێستا لە ئەفغانستان دەستی پێکردووە، جەنگێك نییە لەدژی تیرۆریزم، چونکە نەتەنها وەلاّم بەهیچ یەکێك لە پێداویستییەکانی خەبات لەدژی تیرۆریزم، کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، ناداتەوە بگرە پشت بە بەشێك لەخودی ڕەوتی ئیسلامی دەبەستێ. لەگەلّ ئەمەشدا بەبڕوای من ئەمریکا چووەتە ناو کێشمەکێش لەگەلّ ئیسلامی سیاسییەوە. ئەمە شەڕێکە لەسەر دەسەلاّت. ئەم کێشمەکێشە بەپێی مەنتق دەبێتە مایەی لاوازکردنی ئیسلامی سیاسی. بەلاّم ئامانجی غەرب سڕینەوەی ئیسلامی سیاسی نییە، بەلّکو لاوازکردنی، ملکەچ کردنو پێکهێنانی ئارایشێکی تازەیە لەریزەکانیدا بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی تازە. جەنگ لە ئەفغانستاندا لەسەر تازەکردنەوەی پێناسەی

پەیوەندی غەربە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا. ئێمە دەبێ ئەم چوارچێوەیەو ئەم سازشە تازەیە بشکێنینو سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان بۆ رزگارکردنی ناوچەکە لەم هێزە کۆنەپەرستە لەجەرگەی ئەم هەلومەرجە تازەیەدا چالاکانەتر ببەینە پێشەوە.

* هەڵوێستی پاسفیستی، ئەم کێشمەکێشە تازەیەی غەرب لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا نابینێت، گرنگیی ئەمە چ بۆ خەڵکێك کەخۆیان قوربانیی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستە بوونەو، چ گرنگیی‌یەکەی لە رەوتی گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی ئایندەی جیهاندا لەبەرچاو ناگرێتو لەم بارەیەوە هیچ ئەرکێك بۆخۆی دانانێت. دەبێ رەخنە لەم هەڵوێستە ئارامی‌خوازو موحافەزەکارانەیە بگیرێتە نێو بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەڵکییەوە لەدژی تیرۆرو میلیتاریزم.

*بەهۆی ئەبعادو لایەنە جیهانیو مێژووییەکانی ئەم کێشمەکێشەوە، تایبەتمەندی‌یە ئایدۆلۆژیو زەینی‌یەکانی خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ بەتایبەت لە غەربدا زۆر لەگەڵ سەردەمی هێرش بۆسەر عێراقو تەنانەت سەردەمی هێرش بۆسەر یوگوسلافیادا جیاوازە. بە رووهێنانی فراوانتری خەڵك بۆ سیاسەتو خەباتی مەدەنی، میلیتاریزمی ئەمریکا لەم کێشمەکێشەدا لەڕووی سیاسی‌یەوە لاوازتر دێتە دەرەوە. ئەم کێشمەکێشەی ئێستا، کە خۆی لەسەر چەند گۆشەیەکی نەزمی نوێی جیهانیی دوای هەرەسی سۆڤیێتە، دەتوانێ لەحاڵەتی دەخالەتی عونسری پێشڕەودا، تێکڕای ئەم مەسەلەیەو خودی مەسەلەی زلهێزییو ملهوڕیی ئەمریکا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بداتە بەر رەخنە. وە ئەمە لەدیدگای مەسەلەی ئازادیو یەکسانی‌یەوە لەئاستێکی جیهانیدا مەسەلەیەکی چەند بەرابەر لە چارەنووسی ئیسلامی سیاسی گرنگترە. (درێژەی هەیە)

**ئەم دووبەشەی وتاری "دنیا دوای 11ی سپتامبەر" لە ژمارەکانی 73ی رۆژی 28ی سپتامبەرو 75ی رۆژی 12ی ئۆکتۆبەری 2001ی بڵاوکراوەی فارسی زمانی (انترناسیونال هفتگی)دا بڵاوکراوەتەوەو سەعید ئەحمەد کردوویەتی بەکوردی.**

## بەشی چوارەم: دوای ئەفغانستان

**ئەفغانستان:**
**جەنگ یان تیرۆریزمی ئاسمانیی؟**

لە ئەفغانستاندا جەنگێك لەئارادا نییە. بەپێی لۆژیك جەنگ لانی کەم پێویستی بە دوو لایەن هەیە. ئەوەی ئێستا لەئارادایە، بۆمبارانی ئەفغانستانە لەلایەن ئەمریکاوە. لەم تاکتیکە تازەداهێنراوەی تاکە زلهێزی جیهانو پۆلیسی خۆسەپاندووی نێونەتەوەییدا، تیرۆرو تۆقاندن لە ئاستێکی ملیۆنیدا بەڕەسمی جێگای جەنگی گرتۆتەوە. لەدوای ڤێتنامەوە، وا بڕیارە کە کۆمەڵگای ئەمریکا جارێکی تر شاهیدی گەڕانەوەی کیسەی تەرمی ئەو سەربازانە نەبێت کە بۆ بەرە دووردەستەکان نێردراون. وە بەهای ئەمەش ئێستا دەبێ خەڵکی مەدەنی ئەو وڵاتەدا بیداتەوە کە لە بەدبەختیدا لە تێزەکانی دکتۆر سترنج لاوهای شورای ئەمنی قەومیو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەسەرپێیی بە لانکەو پەناگەی دوژمنی چەتوونی ئەمریکاو رابەری تازەی "ئیمبراتۆریی شەڕ" پێناسەکراوە. زیانێك کە سوپای ئەمریکا لێی‌ناکەوێت بە سەدقاتەوە لە خەڵکێکی مەدەنی بێئاگای دەسەنن کە لەوڵاتێکی عادەتەن هەژارو پەراوێزکەوتووی جیهاندا خەریکن بە چنگەکڕێ نانی خۆیان پەیدا ئەکەن. رۆژێك ئەم بیتاقەیە بۆ خەڵکی عێراق دەرئەچێت، رۆژێك یوگوسلافیا، رۆژێك لیبیاو رۆژێك ئەفغانستان. لەتاریکی شەودا لەبەرزایی دەیان هەزار مەترو لە کەشتیو ژێردەریاییەکانی ئەودیوی شەپۆلی ئۆقیانووسە دوورەکانەوە، دەیان هەزار تەن بۆمبو مووشەك بەسەر شارەکانی خەڵکیدا دەبارێنن. بەشانازی‌یەوە رادەگەیەنن کە وڵاتی بەرامبەر "بە بۆمب دەگەڕێنینەوە بۆ چاخی بەردین"، لەگەڵ ئەمەشدا سوورن لەسەر ئەوەی کە بۆمبە "ژیر"ە ئەمریکی‌یەکان تەنها گوناهکاران دەپێکێ. ئامانج تۆقاندنە. تۆقاندنی هەموو کۆمەڵگا. زاڵکردنی ترس، ترس لە مەرگ، لە ئاوارەیی، لە خاپوورکردنی هەموو سیمایەکی شارستانی، تا ئەوکاتەی کە کۆمەڵگا ئیفلیج دەبێتو، ئیمکانی مقاوەمەت نامێنێت. سوپای پیادەی ئەمریکا، ئێستا تەنها سەگێکی ڕاوە کە دوای تەواوبوونی تەقەکانو نیشتنەوەی تەپوتۆزو هەراوهوریاکان دەبێ بچێتو نێچیرە بێ‌گیانەکە بهێنێت. شەڕ راگەیاندنی هیچ کەسێك، تەنانەت ئەمریکاو غەربیش، لەدژی تالیبان ناکرێ مەحکوم بکرێت. تالیبان دەبێ بڕواتو سەرەنجام دەبێ هەر لەڕێگای زەبروزەنگو کردەوەی سەربازی‌یەوە بڕوات. دوژمنایەتی غەرب لەگەڵ تالیباندا باشترە وەك لەدۆستایەتی تائێستایان. هیچ کەسێك بەر بە

پێچانەوەی دەورودوکانی ئینسانکوژانێك ناگرێت کە غەرب خۆی هێناونی‌یە سەرکار. بەڵام لەنێوان جەنگو تیرۆردا جیاوازی هەیە. کردەوەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە ئەفغانستان تیرۆریستی‌یە. بۆمبارانی شارەکانو ناوچە سەکەنیەکانی ئەفغانستان دەبێ مەحکوم بکرێتو رابگیرێت. ئەفسانە بێسەروبەرەکان لەبارەی توانای سەربازیی تاڵیبانو مێژووی بەچۆکداهاتنی زلهێزەکان لە ئەفغانستان خزمەت بە درێژەپێدانی ئەم شێوە تیرۆریستی‌یە دەکات. موجاهیدنی ئەفغان لەجەنگی دژی سۆڤێتدا هێزی خەتی پێشەوەی جەبهەی ئەمریکاو غەرب بوون. تاڵیبان باندێکی گانگستەریی تاوانو بەرهەمهێنانو دابەشکردنی ماددە سڕکەرەکانە کە غەرب خۆی بە هاوکاری پاکستانو سعودیە دروستی کردووە. دەتوانن لە سویچەوە بیکوژێننەوەو لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بیپێچنەوە. بەلام تیرۆریزمی ئاسمانیی سەلامەت ترە، بەرچاوترە، بۆ خەڵکی ناڕازیی جیهان بەعیبرەت ترە، زلهێزانەترە. دەبێ لەبەرامبەر ئەم شێوە دژی ئینسانی‌یەدا رابووەستین.

### لەنێوان تاڵیبانو ئیسلامی سیاسی‌دا

کردەوە سەربازی‌یەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە ئەفغانستان، تەنانەت ئەگەر ببێتە مایەی روخاندنی تاڵیبانو مەرگی بن لادنیش، نە تەنها هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی لەدژی غەرب کەم ناکاتەوە، بەڵکو ئەبعادەکانی ئەم تیرۆریزمە پەرە پێدەدات. سەرانی دەوڵەتانی غەربی ئەمە دەزانن‌و بەڕەسمی خەڵکی غەرب لەمە وریا ئەکەنەوە. بەڵام هەڵبژاردنی ئەفغانستان وەکو یەکەمین گۆڕەپانو مەیدانی "تۆڵەسەندنەوە"ی ئەمریکا لەبەرامبەر تاوانی 11ی سپتامبەردا، بۆ ئەوان دوو خاسیەتی بنەڕەتی هەیە:

یەکەم، تەنانەت ئەگەر ئەوەشیان قبووڵ بێت کە تیرۆریزمی ئیسلامی‌و ئەو نەفرەتە دژی غەربی‌یەی کە ئەم تیرۆریزمە لەسەری ئەلەوەڕێت، واقعییەتێکی سیاسی‌یەو رێگاچارەیەکی سیاسی هەیە، ئەوان تەنها کاردانەوەیەکی سیاسی بە هێرشێکی فیزیکی‌و سەربازیی گەورە کە لەناوخۆی خاکی ئەمریکادا ئەنجام دراوە بەکافی‌و گونجاو نازانن. میلیتاریزم کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژی رەسمی‌یە لە ئەمریکاو بەردی بناغەی پێناسەی ناسنامەی ئەوە وەکو زلهێزێك. لەم دیدگایەوە هێرش بۆ سەر ئەمریکا تەنها دەکرێ بە هێرش بۆسەر کەسێکی دیکەو جێگایەکی دیکە وەڵام بدرێتەوە. بۆ ئەمریکا تۆڵەسەندنەوەی 11ی سپتامبەر، سەربەخۆ لە ماهییەتو زەمینەو خەسڵەتەکانی ئیسلامی سیاسی‌و تیرۆریزمی ئیسلامی، تەنها دەکرێ کردەوەیەکی سەربازی بێت. ئەم کردەوە سەربازی‌یە دەبێ گەورەبێت، دەبێ "رقو دەسەڵاتی ئەمریکا"، زەبروزەنگی ئەمریکا، نوێنەرایەتی بکات. بەڵام کردەوەی سەربازیی گەورە پێویستیی بە مەیدان هەیە. جەنگ پێویستی بە مەیدانی جەنگ هەیە. هەڵبژاردنی ئەفغانستان لەبەر بوونی بن لادن نییە لەوێ، بەپێچەوانەوە هەڵبژاردنی بن لادن لەبەر ئەوەیە کە لە ئەفغانستاندایە. کەم نین لە ئەمسالی بن لادن، لەسەرانی تیرۆریزمی ئیسلامی کە بە ئاشکراو نهێنی لە ئێران، بریتانیا، فەرەنسا، میسر، پاکستان، لوبنانو فەلەستین، چیچانو بۆسنە دەژین. ئەو وێنایەی کە تیرۆریزمی ئیسلامی تۆڕێکی هەرەمی‌یە بە پێکهاتەیەکی ئیداری دیاریکراوەوە کە بن لادن لەسەرەوەی راوەستاوە، گاڵتەجاری‌یە. بە عەقڵەوە ناچێت خامەنائی‌یەك لەم پێکهاتەیەکی ئیدارییەدا لەژێر سەرکردایەتی بن لادن بووبێت. ئەفغانستان، دەروازەیە. ئەو گۆڕەپانەی کە دەکرێ مەیدانی کردەوەیەکی گەورەی سەربازی بێت. ئەفغانستان تەنها مەیدانی شیاوە بۆ "تۆڵەسەندنەوەی ئەمریکا" لە مەودایەکی سەربازیی فراوانو سامناکدا کە دەستەی حوکمڕانی ئەم وڵاتە بەڵێنی داوە. لەدەرەوەی ئەفغانستان وەها ئامانجێکی سەربازیی کە بکرێ دیاری بکرێتو هێرشی بکرێتە سەر لەئارادا نییە. تازە لێرەشدا سەرانی غەرب دادوبێدادی ئەوەیانە کە تەلاری هێندە بەرزو پردی هێندە گەورەی تیا نییە بۆ وێران کردنی.

دووەم، هەروەك لە بەشی پێشوودا وتم، ئەو شتەی کە بڕیارە لەپشتی کێشمەکێش لەگەڵ تاڵیبانو بن لادن لە ئەفغانستاندا یەکلایی بکرێتەوە، پەیوەندی‌و هێزهاوسەنگیی ئەمریکاو غەربە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی‌دا. "جەنگی درێژماوە لەدژی تیرۆریزم" ناوی رەمزیی هێزنیشاندانێکە بە ئیسلامی سیاسی. جەنگێکی دەسەڵاتە کە لەڕوانگەی ئەمریکاوە دەبێ لەپێناوی پێناسەکردنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی پایداری نەزمێکی نوێی جیهانیی لەدوای هەرەسی سۆڤێتەوە درەنگ یان زوو دەبێ ئەنجام بدرێت. ئیسلامی سیاسی، ئەم بەهەرمە لاوەکی‌یەی جەنگی سارد، لەدوای هەرەسی سۆڤێتەوە وەکو کەمپێکی بۆرژوایی خوازیاری دەسەڵات لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو لە مەڵبەندە "ئیسلامی"یەکانی خودی کۆمەڵگا غەربی‌یەکاندا سەری هەڵداوە. ئەم رەوتە لە بەشێك لە جیهانو لە وڵاتانێکی زۆر گرنگی وەکو ئێرانو پاکستان، یان بەرەسمی لە دەسەڵاتدایە وەیان قورساییەکی سیاسی زۆری هەیە. گۆشەیەکە لە کێشمەکێش لەسەر ئایندەی فەلەستین‌و ئیسرائیل. لە جمهوری‌یەکانی پێشووی سۆڤێتدا، هەنگاوێك لەم لای جبەخانە ئەتۆمی‌یەکانەوە، راوەمشك دەکات. لە خودی غەربدا، لەسایەی پارەی سعودیەو کۆمەکی دەوڵەتیی‌و ئایدۆلۆژی ریسوای (هەرکۆمەڵگایەو کەلتووری خۆی)، پۆل پۆل لاوانی ئەو مەڵبەندانە دەکاتە ئەندامی خۆی کە گیرۆدەی ئیسلام بوون. لەڕوانگەی

غەربەوە ئەم ئیسلامە سیاسییە ئیتر ئەو رەوتە دەستکەلاو گوێڕایەڵە نییە کە بڕیار بوو لە ئابلۆقەدانی سۆڤێتدا دەوری هەبێت، بەر بە دەسەڵاتی چەپ بگرێت لە شۆڕشی دژی پاشایەتی ئێراندا وە ببێتە دەردی سەر بۆ عەرەفاتو ناسیۆنالیزمی عەرەب. ئێستا ئەم دیاردەیە ئیدعای زۆرتری هەیە. لەژێر سایەی غەرب هاتۆتە دەرەوە. وە لە 11ی سپتامبەردا، لەڕوانگەی ئەمریکاوە، ئیسلامی سیاسی پێی زیاد درێژ کرد. هێرشی تیرۆریستی لەم ئاستەو لە نێوجەرگەی ئەمریکادا، چەخماخەی ئەم هێزنیشاندانە حەتمییەی لێدا. ئەم رووداوانە لەبنەڕەتدا چەند بەشو قۆناغێکی جیاجیای جەنگێکی دەسەڵات پێکدەهێنن لەنێوان ئەمریکاو غەرب لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا. لەروانگەی ئەمریکاوە ئەمە نەبەردێکە لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان، حیزبە ئیسلامییەکانو تێکڕای بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا. تالیبان، لاوازترینو لەرزۆکترینو پووچترین سومبلی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو سەرەنجام لەروانگەی ئەمریکاوە گونجاوترین خاڵی چوونەژوورەوەیە بۆ ناو ئەم جەنگی دەسەڵاتە هەمەلایەنەیە. سەرکەوتنی ئەمریکا لە ئەفغانستان لەروی سەربازییو عەمەلییەوە، دەست لە بناغەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نادات. خۆیان ئەمە دەزانن. مەڵبەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات لەپلەی یەکەمدا لەئێران، سعودیە، وە لە رێکخراوە ئیسلامییەکانی میسرو لوبنانو فەلەستیندایە. بەڵام ئەمە جەنگی دەسەڵاتە، جەنگی مانو نەمان نییە. ئەفغانستان تاقە مەیدانە کە تیایدا بەشێوەیەکی واقعی، لانی کەم لەچوارچێوەی ئێستای جیهاندا، روبەڕوبوونەوەیەکی سەربازیی لەنێوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا ئیمکانی هەیە. تاقە مەیدانێکە کە "جەنگی درێژخایەن لەدژی تیرۆریزم" دەتوانێ بە کردەوەیەکی سەربازیی بەرچاوو خێرا دەست پێبکات بێئەوەی هەموو شتێك بەیەکجاری بدات بەسەریەکدا.

**ئەمە کێشمەکێشێکی سیاسییە**

"جەنگی درێژخایەن لەدژی تیرۆریزم"، واتە جەنگی دەسەڵاتی ئەمریکا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، دوای ئەفغانستان تەنانەت ئەگەر هەردوو لایان لەهەندێ بڕگەدا دەست بۆ کردەوەی سەربازیی لێرەولەوێو کردەوەی تیرۆریستی لەدژی یەکتریش ببەن، لەناوەڕۆکدا کێشمەکێشێکی سیاسی دەبێت. ئامانجی ئەم جەنگە لەلایەن ئەمریکاوە نەهێشتنی ئیسلامی سیاسی نییە. بەپێچەوانەی دەستخۆشانە ئیعلامییەکانی دووەمی خوردادییەکان (مەبەست لەباڵی خاتەمییە- وەرگێڕ) ئەوە جەنابی خاتەمیو سیاسەتە ژیرانەکەی نەبوو کە "ئێرانی لە بۆمباران نەجات دا". هێرش بۆ سەر ئێرانو بۆمبارانێکی لەم جۆرە لەبنەڕەتەوە لە بەرنامەی غەربدا نییە. ئەو وێنایەی کە دوای ئەفغانستان ئەمریکا یەك لەدوای یەك لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەچێتە شەڕەوە کە رۆژێك بەتیرۆریست لە قەڵەمی داون، زۆر ساویلکانەیە. مەبەستی غەرب لەم هێزنیشاندانەدا نەك نابوودی ئیسلامی سیاسی وەیان تەنانەت مەرج نییە روخاندنی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش بێت، بەڵکو پێقبووڵکردنی هەژموونی سیاسی خۆیەتی بە بزووتنەوەی ئیسلامیو دیاریکردنی رێوشوێنی گەمەکەیە. لەڕوانگەی ئەمریکاوە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ سنووری خۆی بزانێت. دەبێ قەڵەمڕەوی عەمەلیاتەکانی خۆی بە ناوچەکە بەرتەسك بکاتەوە، جێوشوێنی خۆیو جێگاوڕێگای تایبەتی ئەمریکا دەرك بکات. نەتەنها دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەتوانن لەسەر کار بن، بەڵکو تەنانەت تیرۆریزمیش مۆڵەتی هەیە، بەو مەرجەی قوربانییەکانی ئەم تیرۆریزمە کۆمۆنیستەکانو چەپەکانی ئێرانو ئەفغانستانو پاکستانو تورکیا بن. بەڵام پەلامار لەناو خاکی ئەمریکا خۆیدا ئەمە ئیتر هەڵەیەکی زیادەیە. ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەرسەو ئەم هاوسەنگییە بباتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەمە جەنگێکی دەسەڵاتە نەك کێشمەکێشێك لەسەر ئیسلام، لیبراڵیزم، دیموکراسی غەربی، ئازادی، مەدەنییەت، ئاسایشو ئارامی یان تیرۆریزم. ئەمە نەبەردێکە لەنێوان ئەمریکای زلهێز لەگەڵ بزووتنەوەیەکی سیاسی خوازیاری دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە مەودایەکی هەڵسووڕانی جیهانیی هەیە، بۆ پێناسەکردنی هاوسەنگییەکی سیاسیو دیاریکردنی قەڵەمڕەوەکانی نفوزو هەژموونیی خۆی. غەرب بەشوێن پێکهێنانی دیموکراسییە غەربییەکانەوە نییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمریکاو پاکستانو ئێرانو تەیفی فراوانی کۆنەپەرستان لە ناوچەکەدا لەئێستاوە خەریکن بۆ سەپاندنی حکومەتێکی ئیستبدادیو دواکەوتووی دیکە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا لەگەڵ یەکتریدا بەندوبەست دەکەن. ئێرانو سعودیەو پاکستانو شێخ نشینەکانی خەلیج، ئەم کۆنەپەرستترین رژێمانەی جیهانی ئەمڕۆ، هاوپەیمانانی رەسمییو عەمەلیی غەربن لەم کێشمەکمێشەدا. تەنانەت لە حاڵەتی هەرەسهێنانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیشدا، ئالتەرنەتیڤی حکومەتیی جێمەبەستی غەرب لەناوچەکەدا حیزبە راستە کۆنەپەرستو نیزامە پۆلیسیو سەربازییەکان دەبێت.

**ئەمریکا مێژوو دروست ناکات**

بەڵام غەرب ئایندەی ئەم رەوەندە دیاری ناکات. سیاسەتی ئێستاو کردەوەکانی ئەمریکا بمانەوێ‌و نەمانەوێ چوارچێوە سیاسی‌یەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەشێوێنێ، بەڵام ئەوە کۆمەڵێك هێزی دیکەن کە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو ئالتەرنەتیڤە دیاری دەکەن کە لەئایندەدا شکڵ دەگرێت. گومان لەوەدا نییە کە روبەڕوبوونەوەی غەرب لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا دەبێتە مایەی لاوازبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و حیزبو دەوڵەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە. بەڵام ئەم کێشمەکێشە لە گۆڕەپانێکی خاڵیدا رونادات. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەکو خودی غەرب، شانۆی کێشمەکێشی نێوان کۆمەڵێك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یە کە بەرلەم کێشمەکێشەی بۆرژوازی غەرب لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا وجودیان بووەو رەوەندی سیاسی کۆمەڵگا جیاجیاکانیان شکڵ پێداوە. کێشمەکێشی غەرب لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، بەهەموو گرنگی‌یەکەوە کە هەیەتی، هێزی بزوێنەرو مۆتۆری بەرەوپێشەوەبردنی مێژوو نییە لەم کۆمەڵگایانەدا، بەپێچەوانەوە، خۆی دەچێتە چوارچێوەی ئەم مێژووەوەو هەر لەم چوارچێوەیەدا راڤە دەکرێت. ململانێ لەسەر دیاریکردنی نەزمی نوێی جیهانی کۆمەڵێك ئەکتەری گرنگتری هەیە. چینە کۆمەڵایەتی‌و بزووتنەوە سیاسیەکانیان چ لە غەربو چ لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی‌و ئابووری‌و کەلتوری جیهان ریزبەندی‌یان کردووە. ئەوە بزووتنەوەکانن کە سەربەخۆ لە خواستی سەرانو سیاسەتمەدارانی غەربو سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی، دوا ئاراستەی ئەم رەوندانە دیاری دەکەن.

بەشێوەیەکی دیاریکراو، تا ئەو جێگایەی پەیوەندنی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر غەرب خوازیاری پاشەکشەپێکردنێکی جوزئیی ئیسلامی سیاسی‌و پێناسەکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانێکی تازەش بێت لەگەڵیدا، بزووتنەوە سۆسیالیستی‌و ئازادیخوازو عیلمانیەکان لە ناوچەکەدا لەم هەلومەرجە تازەیەدا سەربەخۆ لە نەخشەکانی غەرب دێنە سەر شانۆ. بۆ نموونە بەڕای من ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا دەڕوخێت، نەك لەبەر ئەوەی کە غەرب لەم روبەڕوبوونەوەیەی دواییدا خواست یان مەبەستێکی بەم جۆرەی هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە لە جەرگەو شانبەشانی ئەم کێشمەکێشە تازەیە خەڵکی ئێرانو لەپێشەوەیاندا کۆمۆنیزمی کرێکاری حکومەتی ئیسلامی دەکێشنە خوارەوە. شکستی جمهوری ئیسلامی گەورەترین گورز دەبێت لە پەیکەری ئیسلامی سیاسی. ئەگەر چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین مەرجی لەنێوبردنی زەمینە سیاسی‌و فیکری‌و کلتوری‌یەکانی گەشەی ئیسلامی سیاسی‌یە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو لە ئاستی جیهانیدا، ئەوا شکستی جمهوری ئیسلامی مەرجی تێکشاندنی ئەوە وەکو بزووتنەوەیەکی خوازیاری دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەبێ جمهوری ئیسلامیی ئێران ئیسلامی سیاسی لەئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێتە رەوتێکی ئۆپۆزسیۆنی بێئاسۆو بێئاینده. (درێژەی هەیە)

(بەڵام بەعەمەلی هیچ ئەلقەیەکی دیکەی ئەم باسە بڵاونەبووەوە)

**ئەم بەشەی وتاری (دنیا دوای 11ی سپتامبەر) لە (انترناسیونال هفتگی)ی ژمارە 77ی بەرواری 2001/10/26 دا بڵاوکراوەتەوەو سەعید ئەحمەد لە فارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی**